# چاكسازی ئابوری لە هەرێمی كوردستان، پاساو و بەربەستەكان لە (٢٠٠٥-٢٠١٩)

م.جهانگير صديق احمد*

**وشە كلیلییەكان: چاكسازی ئابوری، بونیادی ئابوری، بازنەی داخراوی ڕەیعی، دامودەزگا، سیستمی كۆتكراو**
https://doi.org/10.31271/jopss.10053

**پوختە**
چەندین ساڵە هەرێمی كوردستان لە دۆخی قەیران و ناسەقامگیری ئابوری و داراییدایە. كێشە ئابوریە قوڵەكان و لاسەنگییە جۆراوجۆرەكانی بونیادی ئابوری كە لەچەندین دەیەی ڕابوردووەوە كەڵەكە بون بەتایبەتی لاوازی سێكتەرە نانەوتیەكان لەبەرهەمهێنان و دروستكردنی داهات و وەخۆگرتنی دەستی كار، لاسەنگیەكانی بواری دارایی گشتی و بازرگانیی دەرەكی و پەیكەری هێزی كار لەو هۆكارە سەرەكیانەن كە بونەتە هۆی ئەوەی ئابوریی هەرێم بە بەردەوامی لەبەردەم هەڕەشەی قەیران و كێشەی گەورەدا بێت، ئەوانە بەگشتی لە گرنگترین ئەو پاساوە سەرەكیانەن كە چاكسازی ئابوری بۆهەرێمی كوردستان دەكەنە پێویستیەكی گرنگ و ژیانی. لەساڵانی ڕابوردودا لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە چەند هەوڵێك دران بۆ چاكسازی ئابوری، بەڵام ئامانجیان بەدەست نەهێنا. گیرۆدەبونی ئابوری لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی و لاوازی دامودەزگاكان لەو هۆكارە هەرە سەرەكیانەن كە بونەتە هۆی سەرنەكەوتنی ئەو هەوڵانە. دەربازبون لە بازنەی داخراوی ڕەیعی كە زیاتر لە پەنجا ساڵە ئابوریی عیراق و هەرێمی كوردستانی تێدا دەسوڕێتەوە هەنگاوی بنەڕەتی و مەرجی پیویستە بۆ سەركەوتنی هەر هەوڵێكی چاكسازی ئابوری، ئەوەیش تەنها لەسایەی دامودەزگای كارادا توانای بەدیهاتنی هەیە.

**ملخص**
**الإصلاح الاقتصادي في إقليم كوردستان، المبررات والمعوقات خلال (٢٠٠٥-٢٠١٩)**
يعاني إقليم كوردستان منذ عدة سنوات من عدم الاستقرار الاقتصادي والأزمات الاقتصادية والمالية المتتالية. المشاكل الاقتصادية العميقة والاختلالات المختلفة في هيكلها الاقتصادي التي تراكمت على مدى العقود العديدة الماضية ، لا سيما ضعف القطاعات الاقتصادية غير النفطية لإنتاج وتوليد الدخل واستيعاب العمالة، الاختلالات في الهياكل المالية، والتجارة الخارجية والقوى العاملة من بين الأسباب الرئيسية التي تجعل اقتصاد الاقليم يتعرض باستمرار لأزمات ومشاكل اقتصادية كبرى, وهذه المشاكل والاختلالات بشكل عام من أهم المبررات التي تجعل الإصلاح الاقتصادي في إقليم كوردستان حاجة ملحة. كانت هناك محاولات وجهود للإصلاح الاقتصادي من قبل حكومة إقليم كوردستان خلال

* بەشی كارگێری دەزگاكانی گەشتیاری/پەیمانگەی تەكنیكی كارگێری هەولێر/زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر/هەولێر/عێراق
jihangeer.ahmed@epu.edu.iq

السنوات الماضية، لكنها لم تنجح في تحقيق أهدافها. إن وقوع الاقتصاد في حلقة مفرغة ريعية وضعف المؤسسات من بين الاسباب الرئيسية التي أدت إلى فشل هذه المحاولات. إن الخروج من الحلقة المفرغة الريعية التي استمر فيها اقتصاد العراق وإقليم كوردستان لأكثر من خمسين عاما هي خطوة أساسية وشرط ضروري لنجاح أي محاولة في هذا الاتجاه. ولا يمكن تحقيق ذلك إلا في ظل مؤسسات مؤهلة.

**Abstract**

**Economic Reform in the Kurdistan Region, its Justifications and Obstructions during (2005-2019)**

The Kurdistan Region has been suffering for several years from economic instability and successive economic and financial crises. The deep economic problems and the various imbalances in its economic structure that have accumulated over the past several decades, especially the weakness of the non-oil economic sectors to produce and generate income and absorb employment, and the Imbalances in the structures of public finance, foreign trade, and the labor market among the main reasons why the region's economy is constantly exposed to major economic crises and problems, These problems and imbalances in general are among the most important justifications that make economic reform in the Kurdistan Region an urgent need. There have been attempts and efforts to reform the economy by the Kurdistan Regional Government during the past years, but they did not succeed in achieving its goals. The economy's fall into a rentier closed cycle and weak institutions are among the main reasons that have led to the failure of these attempts. Exiting the rentier closed cycle in which the economy of Iraq and the Kurdistan Region has continued for more than fifty years is an essential step and a necessary condition for the success of any attempt in this direction. This can only be achieved under qualified institutions.

# بەرایی

نزیکەی سێ دەیەیە هەرێمی کوردستان لەناو دۆخی ئابوری و دارایی ناسەقامگیر و نەخوازراودایە، کورتهێنانی بەردەوامی بودجەی گشتی، بەرزی ڕێژەی بێکاری، گەورەیی پشکی کەرتی حکومی لە وەخۆگرتنی هێزی کار، لاوازی بەشداریی سێکتەرە ئابوریە نانەوتیەکان لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی و وەخۆگرتنی هێزی کار، نزمیی ڕادەی بەرهەمداری، پشت بەستنی زۆر بەهاوردەکردن، پشت بەستنی زۆر بە بودجەی عیراق و فرۆشتنی نەوتی خاو، ناسەقامگیری نرخەکان، ناسەقامگیری گەشەی ئابوری و..هتد، لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئابوریی هەرێمەکەن، ئەوانەیش ئاماژەن بۆ بونی کێشەی بونیادیی گەورە و مەترسیدار.

لەماوەی دەساڵی ڕابوردودا لە لایەن حکومەت و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستانەوە کۆمەڵێك هەوڵ دران بە مەبەستی چارەسەری ئەو کێشانە لە چوارچێوەی هەوڵ و بەرنامەی چاکسازیی ئابووری و پەرەپێدانی ئابوریدا، بەڵام بەپێی پێنوێن (Indicator- مؤشر) و پێدراوە ئابوریەکان دەردەکەوێت کە هەوڵەکان ئەنجامی ئەوتۆیان نەبو، کێشە ئابوری و داراییەکان بەردەوامن و ئابووریی هەرێم لەدۆخێکی نەخوازراودایە، ئەمانەیش هۆکارن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە خەسڵەت و کیشەکانی ئابوریی هەرێم و بەربەست و ئاڵنگاریەکانی بەردەم چاکسازی ئابوری لەبابەتە گرنگ و پێویستیەکانی ناو کێڵگەی توێژینەوەی زانستی بن، ئەم هەوڵەیش دەیەوێت بەشداریەکی بەسود بێت لەو بارەیەوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** لاوازی و لاسەنگیەکانی بونیادی ئابوریی هەرێم لەلایەك و، شکستی هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێم بۆ چاکسازی ئابوری و چارەسەری ئەو لاسەنگیانە لەلایەکی ترەوە گرفتی ئەم توێژینەوەیەن. لەم سۆنگەیەوە پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەیش بریتین لە: کێشە و لاسەنگیەکانی بونیادی ئابوریی هەرێم چین و ڕیشە و ڕەهەندەکانیان لەکوێدایە و پاساوەکانی پێویستبونی چاکسازیی ئابوری کامانەن؟ بۆچی هەوڵەکانی چاکسازی و پەرەپێدانی ئابوری لەساڵانی ڕابودودا ئەنجامی ئەرێنیی ئەوتۆیان نەبوە؟ بەربەست و ئاڵنگاریەکانی بەردەم چاکسازی ئابوری لەهەرێم چین؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ ناساندنی سیماو خەسڵەت و ڕیشە و ڕەهەندی کێشە ئابوریەکان و، دیاریکردنی بەربەست وئاڵنگاریەکانی چاکسازی ئابوری لەهەرێم، ئەوەیش لەپێناوی دروستکردنی بەرچاوڕونیی پێویست و یارمەتیدەر بۆ گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ سەرخستنی چاکسازی ئابوری لەداهاتودا.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو گریمانە سەرەکی دارێژراوە:

١. چەند دەیەیەکە هەمو پاساوەکانی پێویستبونی چاکسازیی ئابووری لەهەرێمی کوردستان بونیان

هەیە، بەتایبەتیش لاسەنگیەکانی پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) ، لاسەنگیەکان لە دارایی گشتی و بازرگانیی دەرەکی، بازاڕی کار و پەیکەری هێزی کار.

٢. گیرۆدەبون لەناو بازنەی ئابوریی ڕەیعی و لاوازیی دامودەزگاکان بەربەست و ئاڵنگاریە سەرەکیەکانی چاکسازی ئابورین و ئەنجامی هەرهەوڵێکی چاکسازی بەپلەی یەکەم بەستراوە بە دۆخ و کاریگەریی ئەو بەربەست و ئاڵنگاریانەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پەیڕەوی لە میتۆدی وەسفی - شیکاری دەکات بۆ خستنەڕو و ناساندنی دۆخی ئابوری و کێشەکانی، دیاریکردنی بەربەست و ئالنگاریەکانی بەردەم چاکسازی ئابوری لەهەرێمی کوردستان، بە سود وەرگرتن لە بەڵگەنامەو ئامار و پلان و بڕیارە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێم و سەرچاوە تیۆری و پراکتیکیەکانی تایبەت بە چاکسازی ئابوری لە کتێب و توێژینەوە زانستیە ڕەسەن و بلاوکراوەکان .

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە دابەش بوە بەسەر سێ بەشدا:

بەشی یەکەم/ چوارچێوەیەکی گشتی بۆ چاکسازی ئابوری و پاساو و پایەکانی سەرکەوتنی. کە دوو باس لەخۆ دەگرێت باسی یەکەم تایبەتە بە چەمکی چاکسازی ئابوری و پاساو و سیاسەت و پێکهاتەکانی، باسی دووەمیش تایبەتە بە پێداویستیەکانی چاکسازی ئابوری و مەرج و پایەکانی سەرکەوتنی.

بەشی دووەم/ دۆخی ئابوریی هەرێمی کوردستان و پاساوەکانی پێویستبونی چاکسازی ئابوری، تایبەتە بە خستنەڕووی خەسڵەت و کێشەکانی ئابوری هەرێم وەك پاساوی پێویستبونی چاکسازی ئابوری، لەرێگەی شیکردنەوەی دۆخی دارایی گشتی و قەرزەکان، بازرگانیی دەرەکی، پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی، بێکاری و پەیکەری هێزی کار، لەچوار باسی جیاوازدا.

بەشی سێیەم/ هەوڵەکانی چاکسازی ئابوری و بەربەست و ئاڵنگاریەکان، دوو باسی سەرەکی لەخۆ دەگرێت باسی یەکەم تایبەتە بەخستنەڕوی هەوڵەکانی چاکسازی ئابوری لەهەرێم و دەرەنجامەکانیان، باسی دووەمیش تایبەتە بە خستنەڕو و شرۆڤەکردنی بەربەست و ئاڵەنگاریەکانی چاکسازی ئابوری لە هەرێمی کوردستان.

# بەشی یەکەم / چوارچێوەیەکی گشتی بۆ چاکسازی ئابوری و، پاساو و پێداویستی و پایەکانی سەرکەوتنی

## باسی یەکەم / چاکسازی ئابوری؛ چەمك و، پاساو و، سیاسەتەکان

### یەکەم/ چەمکی چاکسازی ئابوری

لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتەمی سەدەی ڕابوردەوەوە ئابوریی وڵاتانی تازە گەشەسەندو (البلدان النامية) کۆمەڵێ گۆڕانکارییان بەخۆوە بینی کە ناهەمئاهەنگ بوون لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئابووری جیهانی، گرنگترینیان بریتی بون لە هەرەسهێنانی تێکڕای ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی و دابەزینی نرخی کەرەستەی خاوی هەناردەکراو بۆ دەوڵەتە پیشەسازیە پیشکەوتوەکان، بەتایبەتیش نەوتی خاو. کاریگەریی ئەو گۆڕانکاریانە هاوڕێ لەگەڵ گەورەبونی لاسەنگیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی پەیکەری ئابوریی ئەو وڵاتانە ڕەنگدانەوەی نەرێنی گەورەی ئابووریان بەدوای خۆیان هێنا وەك زیادبونی کورتهێنانی بودجەیی گشتی و زیادبونی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکان، زیادبونی کورتهێنانی تەرازوی پێدان بەتایبەتیش تەرازوی بازرگانی و گەورەبون و کەڵەکەبونی قەرزە دەرەکیەکان، زیادبونی ڕێژەی بێکاری و، دابەزینی ئاستی گەشەی ئابوری و..هتد(الحصري،٢٠٠٧، ٢). ئەوانەیش هۆکاربون بۆئەوەی کە سەرهەڵدانەوەی خواستی بەگەڕخستنەوەی میکانیزمەکانی گەشە و پاڵپێوەنانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن ئەمجارە تەنها خواستێك نەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزی گەشە، بەڵکو بۆ چارەسەری ئەو لاسەنگیانە بێت کە ئابوریی ئەو وڵاتانە گیرۆدەی بون. شکستی زۆربەی ئەزمونە ئابوریەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و، سەرنەکەوتنی زۆرێك لە وڵاتانی تازەگەشەسەندو لە پەرەپیدانی ئابوری و دەرچون لەبازنەی دواکەوتن لەسەر ڕێچکەی جێبەجێکردنی ئەو ئەزمونانە دەرفەتی دروست کرد بۆ دەرکەوتن و تەشەنەکردنی ئاراستەیەکی نوێ لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا بۆ چاکسازی ئابووری، ئەویش ئاراستەی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێو دەوڵەتی بوون(الشمری،٢٠١٤، ١٤٨).

بەم جۆرە لەو سەروبەندەدا چەمکی چاکسازی ئابوری وەك جێگرەوە یان هاوواتای پەرەپێدانی ئابوری بەفراوانی هاتە ناو ئەدەبیاتی ئابوریەوە، بەر لەهەموانیش سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئەو چەمکەیان بەکارهێنا، ئیدی لەو کاتەوە بەخێرایی و فراوانی بڵاوبویەوەو ئێستا یەکێکە لەو چەمکانەی کە زۆر بەکار دەهێنرێت (حسن،٢٠١٦، ٨٧).

چەندین پێناسەی جیاجیا هەن بۆ چاکسازی ئابوری کە لەناوەڕۆکدا لێکەوە نزیکن، بۆیە ئەتوانرێت بەشێوەیەکی گشتی بوترێت ؛ بریتیە لە کۆی ئەو سیاسەت و ڕێکار و میکانیزمانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتی ئابوری دەیانگرێتەبەر لەپێناوی چارەسەری ئەو کێشە و لاسەنگیانەی کە ئابوریی دەوڵەتەکە گیرۆدەیان بوە وەك کورتهێنان بودجە، کورتهێنانی تەرازوی بازرگانی، دابەزینی ئاستی بەرهەمداری، لاسەنگی پەیکەری کۆبەرهەمی ناوخۆیی، لاوازیی بەشداری کەرتی تایبەت، زیادبونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری، بەرزبونەی تێکڕای هەڵاوسان، زیادبونی قەرزە دەرەکیەکان،

لاوازی و دواكەوتویی سیستەمی باج، لاوازیی كەرتی بانكی و ..هتد، بە ئامانجی هێنانەدیی سەقامگیری و گەشەی بەردەوام (عمران،٢٠١٩، ٤٨٨).

**دووەم/ پاساوەكانی چاكسازی ئابووری**

پاساوەكانی پێویست بوونی چاكسازی ئابوری بەگشتی بریتین لە لاسەنگیەكانی پەیكەری ئابوری و ئەو گرفتە ئابوریە قوڵ و درێژخایەنانەی كە وڵاتانی تازەگەشەسەندو بەدەستیانەوە دەناڵێنن. لاسەنگیەكان لە پەیكەری بەرهەم و كۆبەرهەمی ناوخۆیی، كورتهێنان و لاسەنگیەكانی تری بودجەی گشتی و تەرازوی بازرگانی، بێكاریی و گرفتەكانی پەیكەری هێزی كار لەلاسەنگیە سەرەكیەكانن و سەرچاوەی گرفتە ئابووریەكانی وەك (ناسەقامگیری و پاشەكشەی گەشەی ئابوری و، قەرزاریی و بێكاریی و هەڵاوسان و هەژاری)ن. لاسەنگیە ئابوریەكان لەڕوی هۆكارەوە دوو جۆرن. جۆرێكیان زادەی هۆكارە كاتییەكانن. جۆرەكەی تریان هۆكارەكەیان درێژخایەن و بونیادییە. جۆری یەكەم چارەسەری كاتی و هاوكاریی دارایی دەخوازێت و جۆری دوەمیش پەیڕەوكردنی چاكسازیی ڕیشەیی دەخوازێت بۆ لابردن و چارەسەری لاسەنگیەكان لەڕیشەوە (فرج،١٩٨٩،8). واتە بونی ئەو لاسەنگیانە بۆ ماوەیەكی درێژ لە هەر ئابوریەكدا ئەگەر زادەی كێشە بونیادیەكانی ئابوری وڵاتەكەبن و هۆكارەكانیان ماوەدرێژ و بەردەوام بن ئەوا دەبنە پێنوێنی گرنگ بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی ئابوری بۆ ئەنجامدانی چاكسازی ئابوری بەمەبەستی چارەسەری ئەو لاسەنگیانە(عمران،٤٨٩،٢٠١٩-٤٩٠).

**سێیەم/ سیاسەت و پێكهاتەكانی بەرنامەی چاكسازیی ئابوری**

ئەو دەوڵەتانەی كە سیاسەتی چاكسازی ئابوری گەڵاڵە دەكەن و جێبەجێی دەكەن دابەش دەبن بەسەر دوو گروپدا، گروپێكیان سیاسەتە بنچینەخوازانەكان(السیاسات الاصولیة) پەیڕەودەكەن كە لەلایەن سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانكی نێودەوڵەتیەوە پێشنیار و پاڵپشتی دەكرێت، گروپەكەی تر ئەو دەوڵەتانەن كە بەشێوازی سەربەخۆ و بەبێ پاڵپشتی و پەیڕەوكردنی پێشنیارو ڕەچەتەی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانە پرۆسەكە ئەنجام دەدەن( اسمهان،٢٠١٢، ٢٥-٤٠ ؛ بن حافظ،٢٠١١، ٩-٦٠):

**١- سیاسەتە بنچینەخوازانەكان( السیاسات الاصولیة)**

ئەم جۆرە باوترینی سیاسەتەكانی چاكسازی ئابورییە كە لەلایەن زۆرینەی وڵاتانی تازەگەشەسەندووەوە پەیڕەو كراوە، لەكۆمەڵێك سیاسەت و ڕێكاری ئابوری پێك دێن لەلایەن سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانكی نێودەوڵەتیەوە پێشنیاردەكرێن و سەرپەرشتی جێبەجێكردنیان دەكرێت و ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوییان دەكەن سودمەند دەبن لە هاوكاری و قەرزی ئەو دوو دامەزراوەیە، بەگشتیش لە دوو ڕستی(حزمة)پێكەوە بەستراو پێك دێن كە بریتین لە ( سەقامگیركردنی ئابوری و گونجاندنی پەیكەریی – التثبیت الاقتصادی و التكییف الهیكلي).

**أ- سیاسەتی سەقامگیركردنی ئابوری (التثبیت الاقتصادی - Economic Stabilization)**

هەنگاوی یەكەمە لەبەرنامەی چاكسازی ئابوری، لەلایەن سندوقی نەختی نێودەوڵەتیەوە چاودێری

جێبەجێکردنی دەکرێت لەماوەی کورتخایەن(١-٣) ساڵ، کار لەسەر لایەنی خواست دەکات و هەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسان و کورتهێنانی بودجەی گشتی و کورتهێنانی تەرازوی پێدان. ئەویش بەگرتنەبەری کۆمەڵێك سیاسەتی دارایی و نەختی تایبەت بە کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت و زیادکردنی داهاتەکانی و سنوردانان بۆ گەشەی خستنەڕوی دراو(حسین،٦،٢٠١٨).

**ب- سیاسەتی گونجاندنی پەیکەری(التكييف الهيكلي-structure Adjustment )** تەواوکەری سیاسەتی سەقامگیرکردنی ئابوریە، لە تایبەتمەندیی بانکی نێودەوڵەتیە، کار لەسەر لایەنی خستنەڕو دەکات لەماوەی درێژخایەندا، بەئامانجی چارەسەری لاسەنگیە بونیادیە قوڵ و هەمیشەییەکان و دوبارە پەیکەربەندیکردنەوە و ئامادەکردنی ئابووری بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی بازاڕ و کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکیی تێدا بگێڕن و ڕۆڵی دەوڵەت کەم بکرێتەوە، واتە ئازادکردنی نرخەکان و ئازاد کردنی بازرگانی و بەتایبەتیکردن و بایەخدان بە هەناردەکردن لە تەوەرە سەرەکیەکانی سیاسەتی گونجاندنی پەیکەربەندین (الجابري ،٢٠١٣، ٢٤).

**٢- سیاسەتە نا بنچینەخوازانەکان (سياسات غير اصولية) یان سەربەخۆکان**

ئاراستەی ئەم سیاسەتانە وای دەبینێت کە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانی هەر وڵاتێك پێویستی بەڕەچاوکردنی دۆخی وڵاتەکە هەیە و چارەسەری تایبەتی دەخوازێت، کێشەکان لەوە قوڵترن تەنها بەتێڕوانینی نەختینەیی ڕاڤە بکرێن و بەڕەچەتەی ئامادەکراوی ئەو دو دامەزراوەیە چارەسەر بکرێن، چونکە هۆکاری کێشەکان بۆ ئەو لاسەنگییە بونیادیانە دەگەڕێتەوە کە ئابوریی وڵاتە تازە گەشەسەندوەکان گیرۆدەی بون، هەڵاوسان و کێشەکانی تریش نەك هەر خۆبەخۆ و بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت چاك نابن بەڵکو گەورەتر دەبن، لەبەر ئەوە دەستتێوەردانی دەوڵەت پێویستە بۆ شکاندنی بازنەی کێشە بونیادیەکانی ئابوری و سازکردنی ژینگەی لەباربۆ ڕۆڵی هاوبەشە ئابوریەکان( اسمهان،٢٠١٢، ٣٠). ڕوانگەی ئەم ئاراستەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان بەتایبەتیش خەرجیەکانی بواری کۆمەڵایەتی و زیادکردنی داهاتەکان جیاوازە لەڕوانگەی بنچینەخوازەکان، بەهەستیاریشەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی بەتایبەتیکردن و ئازادکردنی ئابوری و بازرگانی و نرخەکان دەکەن ، ئامادەیی و ڕۆڵ و سەرپەرشتیی دەوڵەت لەپرۆسەکەدا بەگرنگتر دەزانن (زكي،٢٠٠٠، ١٨٤-١٨٥).

لە سێ دەیەی ڕابوردودا هەریەك لەو دو جۆرە سیاسەتانەی سەرەوە لەلایەن دەوڵاتانی جیاوازەوە پەیڕەو کراون و لەهەردو بارەکەیشدا دەرەنجامی جیاواز هەبوە( اسمهان،٢٠١٢، ٢٥-٤٠ ؛ بن حافظ،٢٠١١ ،٩-٦٠) هەر بۆیە کۆڕاییەك نیە لەسەر ئەوەی کە جۆرێکی دیاریکراو لە سیاسەتەکانی چاکسازیی ئابوری گرەنتیی سەرکەوتنی پرۆسەکە بکات، گرتنەبەری سیاسەتی تۆکمەو گونجاو زۆر گرنگە، بەڵام جۆری سیاسەتەکان تاکە دیاریکەری یەکلاکەرەوە نیە بۆ ئاستی سەرکەوتن و شکسی پرۆسەکە، بەڵکو دیاریکەری گرنگتر هەیە کە کوالێتیی دامودەزگاکانە، وەك لەخوارەوە ڕونی دەکەینەوە.

**باسی دووەم / پێداویستیەكانی چاكسازیی ئابوری و مەرج و پایەكانی سەركەوتنی**

چاكسازی ئابوری پەیكەربەندیكردنەوەی ئابوری وولات و گۆڕینی ستایلی ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەیە، پرۆسەیەكی قورس و ئاڵۆزە، هەلومەرج و پێداویستیی خۆی هەیە، بەربەستی زۆری لەبەردەمدایە و كاریگەریی جۆراوجۆری لەسەر كایەی ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی هەیە. لەساڵانی سەرەتای پرۆسەكەدا تێچو و بارگرانیی لەسەر كۆمەڵگە زۆرە، دژی بەرژەوەندیی تایبەتیی چەندین گروپی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوریە، نەیار و بەربەست و ئاڵنگاریی زۆرە، ئەمانە وایان كردوە كە سەركەوتنی پرۆسەكە مسۆگەر نەبێت و، ئاستی شكست و سەركەوتنی پەیوەست بێت بە كۆمەڵێك پایە و پێداویستی و پێش مەرجەوە، لە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن(كاظم،٨٨،٢٠١٧؛ صالح،١٢٠،٢٠١٥؛ القريشي، ٢٠١١ ،٨):

١. بونی ئیرادەی سیاسی بەهێز و دامودەزگای بەتوانا بۆ گەڵاڵەكردنی بەرنامەو جێبەجێكردنی پرۆسەی چاكسازی ئابوری، چەسپاندنی سەروەریی یاساو دەستەبەركردنی مافی خاوەنداریەتی، هاندان و سازكردنی زەمینەی وەبەرهێنان، بەرزكردنەوەی ڕادەی بەرهەمداری و فراوانكردنی دەرفەتی بەشداری و..هتد، ئەوانەیش تەنها لەسایەی دامودەزگای ئابوری و سیاسیی هاندەر وخاوەن توانستدا چانسی فەراهەموبونیان هەیە(نورث،٤،٢٠٠٦ ؛ Acemoglu,2012,79)
٢. بونی ئیرادەی جەماوەری بەرفراوان لەلای چین و توێژە جیاوازەكان و هاریكاریی گروپە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان و كۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەدەمەوەچونی پرۆسەی چاكسازی بە هاندانی پەیڕەوكردنی یاساكان و برەوپێدانی هۆشیاری پێویست لەبارەی بایەخی پرۆسەكەو گرنگیی هاریكاریكردن و بەشداریكردن تێیدا.
٣. بونی سەرچاوەی ئابوریی مرۆیی و مادی پیویست.
٤. چاكسازیی چوارچێوە یاسایی و تەشریعیەكان بۆ ڕێكخستنی زەمینەی پێوست بۆ پرۆسە ئابوریە جۆراو جۆرەكان.
٥. هەمئاهەنگی و گونجاویی سیاسەتەكانی چاكسازیی ئابووری لەگەڵ دۆخی ناوخۆیی و دەرەكی.

گفتوگۆكردنی چرِی ئەم بابەتە لەناو ئەدەبیاتی ئابوری نوێدا دەكەویتە ناو لێكۆڵینەوە لە جۆر و ڕۆڵی دامودەزگا ئابوری و سیاسیەكانەوە. جیاواز لە تیۆر و تێروانیەكانی پێشتر كە لەڕوانگەی جوگرافیاو ڕوبەری زەوی و سامانی سروشتی و ژمارەی دانیشتوان و كلتور و..هتدەوە ڕاڤەی هۆكاری جیاوازیی نێوان وڵاتانی پێشكەوتو و پاشكەوتویان دەكرد و ئەو سەرچاوانەیان بە مەرج و پیویستیی پەرەپێدان و پێشكەوتنی ئابوری دەزانی، لەڕوانگەی نوێدا جۆری دامودەزگاكان بەپلەی یەكەم ئینجا سیاسەتە ئابوریەكان تەوەری سەرەكیی جێگەی بایەخپێدان و پینوێنی ڕاڤەكردنن. نزیكەی سێ دەیەیە كۆڕاییەك لەنیوان ئابوریناساندا دروست بوە لەسەر ئەوەی پەرەپێدان و چاكسازی ئابوری و سیاسی لەپلەی یەكەمدا ئەوەستێتە سەر كوالێتیی دامودەزگاكان. لەڕابوردا جیهان چەندین هەوڵی شكستخواردوی گەشەپێدان و چاكسازیی وڵاتانی بەخۆوە بینیوە سەرەڕای هەبونی بڕێكی زۆری سەرمایەو سەرچاوەی سروشتی و دانیشتوانی خوێندەوار، چونكە ئەو سەرچاوانە ئەگەر لەلایەن دامودەزگای باش و بەتواناوە سودیان لێ وەرنەگیرێ و وەگەڕنەخرێن یان كۆچ دەكەن یان توشی

پوکانەوەو ئیفلیج بون دەبن (نورث، ٢٠١٦، ٩-١٠).

سەبارەت بە کاریگەریی دامودەزگاکان لە سەر ئاستی کارایی سیاسەتە ئابوریەکانیش، تێبینی ئەوە کراوە کە لە ساڵانی ڕابوردودا زۆربەی ئەو وڵاتە تازە گەشەسەندوانەی بەئامانجی پەرەپێدانی ئابوری دەستیان دایە چاکسازی لە سیاسەتە ئابوریەکان( سیاسەتەکانی ماکرۆئابوری)، لەباشترین باردا تەنها چەند ئەنجامێکی ڕێژەیی کەم و کورتخایەنیان بەدەست دەهێنا و، لەئاست ئامانج و چاوەڕوانیدا نەبون بەتایبەتیش بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی، هۆکاری ئەوەیش لاوازیی دامودەزگاکانی ئەو وڵاتانە بو، ئەوان هەوڵەکانیان لە سیاسەتە ئابوریەکاندا چڕدەکردەوەو ڕۆڵی دامودەزگاکانیان فەرامۆش دەکرد، ئەوەیش هەڵە بو، چونکە جێبەجێکردن و سەرکەوتنی سیاسەتە ئابوریەکان پەیوەستە بەئاستی توانای دامودەزگاکان بە هەڵسان بەئەرکەکانیان. هێنانەدیی هاوسەنگی چەند لایەنێك لە ماکرۆ ئابوریدا بەگرتنەبەری سیاسەتی دارایی و نەختیی توند ئەگەر لەسایەی دامەزراوەی لاوازدا ئەگەری سەرکەوتنی هەبێت، ئەوا چاککردنی ژینگەی وەبەرهێنان و دەستەبەری کردنی گەشەی بەردەوام ئەستەم دەبێت، لێکۆڵینەوەکانی هەریەك لە ( Michael Spence)خاوەنی نۆبڵی ئابوری و (Dani Rodrik) ئابوریناسی ناودار بەجیا جەخت لەوە دەکەن کە پرۆسەکانی چاکسازی لە چەندین وڵات بەئەنجام نەگەیشتن بەهۆی نەگونجاوی سیاسەتە ئابوریەکان لەگەڵ دۆخ و خەسڵەتی دامودەزگاکانیان(بن حسین،٨٢٢،٢٠٠٩).

میتۆدی نوێی ئابوری دامودەزگاکانیش لەلایەن Douglass North, Robert Fogel, Ronald Coase, Samuelson بەگشتی جەختە دەکاتەوە لە ڕۆڵی دامودەزگاکان و شێوازی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی لە پرۆسەکانی چاکسازی ئابوری و لە جیاوازیی نێوان ئابوریی وڵاتانی پێشکەوتو و دواکەوتو(بن حسین،٨٢١،٢٠٠٩). بەپێی پێناسەی (دۆگلاس نۆرث) دامودەزگا ئەو سنور و مەرجانەن کە مرۆڤەکان دایان ناون و، کارلێکە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان ریکدەخەن، ئەوانیش دوجۆرن: سنور و مەرجە فەرمیەکان ( دەستور و یاسا و مافەکانی خاوەنداریەتی و..) و نافەرمیەکان( داب و نەریت و باوەڕ و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان)، دامودەزگا لەڕوانگەی (نۆرث)هوە تەنها دامودەزگای ئابوری نیە بەڵکو دامودەزگا سیاسی و یاساییەکانیش دەگرێتەوە، کە کۆمەڵێك ڕێسای پێکەوە بەستراو بۆ ئابوری و گەشەکردنی دیاریدەکەن. (نۆرث) جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە دامودەزگاکان پەیکەری هاندانی تایبەت بۆ ئابوری فەراهەم دەکەن، گۆڕانی پەیکەری هاندانەکان ئاراستەی گۆڕانی گەشەی ئابوری دیاریدەکات، مەبەست لە پەیکەری هاندان ئەو هاندەر و بەربەست و پاداشت و سزایانەن کەدەبنە هۆی دیاری کردنی ڕادەی بەرهەمداری و ئاستی بەشداری لەچالاکیە ئابوریەکان (نورث، ٢٠٠٦، ٢).

کاریگەریی دامودەزگاکان لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوریەکان و مافی خاوەنداریەتی و هاندان و تێچوی مامەڵەکان کاریگەریەکی گەورەو یەکلاکەرەوەیە، لەو کۆمەڵگایانەی کە وەبەرهێنەکان هەست بە دڵنیایی دەکەن سەبارەت بە مافی خاوەنداریەتی و بەربەستە یاسایی و ئابوریەکان و گەیشتن بەبازاڕ، کارو بەرهەمداری تێیاندا گەشەدەکات و ئاستی داهاتی تاکەکان بەرز دەبێتەوە(Morselli,2021,301-302).

كارەكانی هەریەك لە (دارۆن ئەجەمۆغلۆ و جەیمس ڕۆبسن) و (دۆگلاس نۆرث) جەخت لەوە دەكەنەوە كە پەیوەندیەكی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان سیستم و زەمینەی سیاسی و، جۆری دامودەزگاكاندا. بەپێی ڕاڤەی (ئەجەموغلۆ) سەرەتا دامودەزگا سیاسیەكان و شێوازی دابەشكردنی سامان ڕۆڵ دەگێڕن لە دروستكردنی هێزە سیاسیە یاساییەكان و ئەو هێزە سیاسیانەی كەبونیان لەسەر بنەمای دیفاكتۆیە، ئەو دو جۆرە هێزەیش پاشتر شێوازی دامودەزگا سیاسی و ئابوریەكان دەنەخشێننەوە و، دامودەزگا سیاسی و ئابوریەكانیش دواجار توانستی بەجێهێنانی(ئەدای) ئابوری (الاداء الاقتصادی) و دابەشكردنی سەرچاوەكان فۆرمۆلە دەكەنەوە (Acemoglu,2004,3). (ئەجەمۆغلۆ) دامودەزگاكان دابەش دەكات بەسەر دوو جۆردا، دامودەزگا قۆرغكەرەكان یان دەرپەڕێنەرەكان(الاستخراجیة – Extractive) كە زادەی باڵادەستی هێزە دیفاكتۆكانن یان لەباشترین باردا زادەی هەمئاهەنگیی هێزە سیاسیە یاساییەكان و هێزە سیاسیە دیفاكتۆكانن، ئەم جۆرە دامودەزگایانە دەرفەتی بەشداریی یەكسان لەكایەی ئابوری و وەبەرهینان و پاراستنی مافی خاوەنداریەتی و ژینگەی لەباری وەبەرهێنان و سەروەریی یاسا بۆ هەموان دەستەبەر ناكەن و كایەی ئابوری لەخزمەتی دەستەبژێر و گروپی سیاسی و ئابوریی باڵادەست ئاراستە دەكەن، لەسایەی ئەم جۆرە دامەزراوانەدا نەك هەر چانسی چاكسازی ئابوری و سەقامگیری و گەشەی بەردەوام كەمە بەڵكو دامەزراوەكان خۆیان ڕێگرن و هۆكاری مانەوەو خراپتربونی دۆخەكەن. جۆری دوەم دامودەزگا گشتگیرەكانن(Inclusive) كە زادەی سیستمێكی سیاسی پێگەیشتو و دامودەزگا یاسایەكانن، دەسەڵاتی یاسا و پاراستنی مافی خاوەنداریەتی و دەرفەتی بەشداری و ژینگەی لەباری وەبەرهێنان بۆ هەموان دەستەبەر دەكەن، ئەو جۆرە دامەزراوانە مەرج و هۆكاری سەرەكین بۆ سەقامگیری گەشەو پێشكەوتنی بەردەوام (Acemoglu,2012,75-80).

(دۆگلاس نۆرث) و هاوڕێكانی لە كتێبی ( لەسایەی توندوتیژیدا، سیاسەت و ئابوری و گرفتەكانی گەشەپێدان- في ظل العنف، السیاسة و الاقتصاد و مشكلات التنمیة) لەدەروازەی بابەتی دابەشكردنی دەسكەوتەكان و هەڵسوڕاندنی ئابوری لەلایەن هێزەكانەوە دەچنە ناو شیكاری كارلێكی ڕەفتاری سیاسی و ئابوری و، كاریگەریی لەسەر دامودەزگاكان و لەوێشەوە لەسەر پرۆسەی چاكسازی و گەشەی ئابوری، ئەویش بەچڕكردنەوەی سەرنجەكانیان لەسەر سروشتی ڕێكخراوەیی و پەیوەندیەكانی نێوان گروپ و دەستەبژێرەكان. ئەوان سیسستمەكانی ئەم سەردەمە دابەش دەكەن بەسەر دو جۆری سەرەكیدا، جۆری یەكەم سیستمی كراوەیە كە مەبەست لێی سیستمی دیموكراتی پێگەیشتوە، سەروەری یاساو دەرفەتی یەكسان بۆ هەموان و پارێزگاری لە مافی خاوەنداریەتی و زەمینەی هاندان بۆ بەشداری لەكایەی ئابوری تێیدا بەرقەرارە، واتە بەچەمكی (ئەجەمۆغلۆ) ئەم سیستمە زەمینەی لەبار بۆ دامودەزگای گشتگیر دەڕەخسێنێت كە ئەویش پێگەی گەمەی ئابوری و ئاراستەكانی دیاری دەكات و جڵەویان دەكات. جۆری دوەم سیستمی كۆتكراوە(نظام مقید) كە شێوازێكە لە ڕێكخستنی كۆمەڵگە لەسەر بنەمای كۆمەڵێك پەیوەندی و ڕێكاری كۆمەڵایەتی–سیاسی و ئابوری بەجۆرێك كە ڕێگربێت لە پەنابردنە بەر توندوتیژی لەلایەن هێزو دامودەزگاكانەوە، ئەوەیش لەڕیگەی بەكارهێنانی سیستەمی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی ئابوری و گەمە پێكردنی لەپێناوی

دروستکردنی دەسکەوت و سود لێوەرگرتنی لەلایەن هێزە باڵا دەستەکانەوە. ئەوان سیستمی کۆتکراو دابەش دەکەن بەسەر سێ جۆردا: سیستەمی کۆتکراوی فشۆڵ، کە تێیدا هێز و چەك لە دەستی چەندین گروپدایە، بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوا تەنها قۆرغی دامودەزگا یاساییەکانی دەوڵەت نیە، هەمودەم ئەگەری بەکارهێنانی هێزی چەکدارو توندوتیژی هەیە، لەم سیستمەدا گروپە خاوەن هێز و هەژمونەکان ڕێك دەکەون لەسەر بەڕێوەبردنی کایەی ئابوری و هەژمونداری و قۆرغکاری و دابەشکردنی دەسکەوتەکان لەنێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانیان، کە ئەوەیش دهبێتە هۆکاری دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی، بەبێ ئەو ڕێککەوتنە ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی و جەنگی ناوخۆیی لەو کۆمەڵگایانەدا هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە، وەك نمونەی کۆنگۆی دیموکراتی و بەنگلادیش و هایتی و ئەفغانستان و عێراق، لەو سیستمەدا دامودەزگاکان لاوازن و بەئەرکی خۆیان هەڵناسن، دەرفەتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوریەکان و بەرنامەی چاکسازیی ئابوری و پەرەپێدان زۆر لاوازە، یاسا سەروەرنیەو مافی خاوەنداریەتی پارێزراو نیە، دەرفەتی بەشداری ئابوری بۆ چین و نوخبەی دیاریکراو قۆرغ کراوە، کۆتوبەندی زۆر لەبەردەم وەبەرهێنان و چالاکیە ئابوریەکان بەگشتی هەیە و ژینگەکە هاندەرنیە بۆ بەزرکردنەوەی بەرهەمداری و وەبەرهێنان و گەشەی ئابوری. جۆرێکی تر سیستمی کۆتکراوی بنەڕەتیە، کە تێیدا تەنها دەوڵەت و دامەزاروە فەرمیەکانی خاوەنی هێزی چەکدار و مافی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوان، بەڵام توانای بەکارهینانی توندوتیژی لەم سیستمەدا دابەشبوە بەسەر دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەتدا (پۆلیس و ئاسایش و سوپا و هەواڵگری) هەریەك لەوانەیش ڕێگە و شێوازی خۆی دەگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوت لەڕێگەی گەندەڵی و قۆرغکاری و ئاراستەکردنی سیاسەتە ئابوریەکان بەلای بەرژەوەندیی خۆیدا، وەك بۆرماو کوبا و مەکسیك، زەمینەی سەرکەوتنی چاکسازی ئابوری و پەرەپێدان لەم جۆرە سیستەمەیشدا زۆر نالەبارە. جۆرەکەی تر سیستمی کۆتکراوی پێگەیشتوە، لەم سیستەمەدا حکومەت خاوەن دەسەڵاتێکی سەراپاگیرەو کۆنترۆڵی لەسەر هەمو ئەو دامودەزگایانە هەیە کە توانای توندوتیژیان هەیە، چەسپاندنی یاسا لەئاستێکی بەرزدایە، دامەزراوەکان کاراترن، ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای تایبەت و کۆمپانیای فرە ڕەگەز بونیان هەیە و گەشەدەکەن، بەڵام دەرفەتی بەشداری لەناو چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاریکراو و ڕێپێدراوی دەوڵەتدایە، چەندین دامەزراوەی سیاسی هەن بەڵام بون و مانەوەیان بەستراوە بە دانپێدانی دەسەڵاتی ناوەندیەوە، دەسەڵاتی ناوەندی کێبەرکێ و بەدەستهێنان و دابەشکردنی دەسکەوت لەسەر بنەمای هەژمونی سیاسی و هێزەکان بەتەواوی سنوردار دەکات ئەوەیش لەپێناوی مانەوەی خۆی و ڕێگری کردن لە توندوتیژی، وەك لە چین وهند و شیلی و کۆریای باشور دەبینریت، ئەم جۆرە سیستمە لەچاو سیستمە کۆتکراوەکانی تردا توانای جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوریەکان و خۆڕاگریی لەبەرامبەر قەیرانەکان زیاترە، دامودەزگاکانی کاراترن و، زەمینەی سەرکەوتنی چاکسازی و پەرەپێدان تێیدا زیاترە (نورث،٢٧،٢٠١٦-٣٣).

## بەشی دووەم/ ئابوریی هەرێمی كوردستان و پاساوەكانی پێویستبونی چاكسازی ئابوری

چەندین دەیەیە ئابوری عێراق و هەرێمی كوردستان هەڵگری هەمو ئەو خەسڵەتانەن كە دەبنە پاساو بۆ پێویست بونی چاكسازی ئابوری، وەك؛ لاوازی سێكتەرە ئابوریە نانەوتیەكان لە بەرهەمهێنان و دروستكردنی داهات و وەخۆگرتنی هێزی كار، گەورەیی قەبارەی حكومەت و لاوازی كەرتی تایبەت، پشت بەستن بەتاك سەرچاوەیی داهات بۆ پارەداركردنی خەرجیە گشتیەكان، كورتهێنانی بودجەو كورتهێنانی تەرازوی بازرگانی، ناسەقامگیری و هەڵاوسان و بێكاری و بێكاریی شاراوە.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی كوردستان و حكومەتی هەرێمەوە تاكو ئیستا، چ لەسایەی حكومەتی یەكگرتو چ لەسایەی دوئیدارەیی، چ لە ساڵانی هاتنی پشكی بودجەی هەرێم لەبەغداوە چ لەكاتی بڕان و كەمبونەوەی ئەو پشكی بودجەیە، چ پێش دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت چ لەپاش ئەوە، چ لەسەروبەندی قەیرانەكان و چ لە كاتی ئاسایی، چ پێش هەوڵەكانی چاكسازی و پەرەپێدان چ لەپاش ئەو هەوڵانە هەمیشە ئەو كێشانە بەڕوخسار و ڕیژەی جیاواز سیمای ئابوریی هەرێمیان نەخشاندوەو ئاماژەیان داوە بە كێشە بونیادیەكانی.

لەپاش ساڵی ٢٠٠٥هوە تاكو ٢٠١٣بەهۆی كۆتایی گەمارۆ ئابوریەكانەوە گۆڕانێكی گەورە لەئابوریی و عێراق و هەرێم ڕویدا بەتایبەتیش لەزیادبونی داهاتەكاندا، لەو ماوەیەدا بەهۆی هاتنی پشكی هەرێم لە بودجەی عێراقەوە، حكومەتی هەرێم توانیی نزیكەی ٩٢ ترلیۆن دینار لەچوارچێوەی بودجەدا خەرج بكات بۆ موچەو خەرجیەكانی بەگەڕخستن و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان لە سێكتەرە جیاوازەكاندا(احمد، ٢٠١٥، ١٤١)، سەرەنجامی ئەوەیش گەشە و پێشكەوتنی بەرچاو لە داهاتی تاكەكەس و بوارەكانی خوێندن و تەندروستی و ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێبون و ڕێگاوبان و فرۆكەخانە و..هتد ڕویاندا، پێنوێنە سەرەكیەكان لەو بوارانەدا چەند بەرامبەر بەئاراستەی ئەرێنی بەرزبونەوە(حكومەتی هەرێم،٢٠١٣، ٥-٣١ ؛ حكومة اقلیم كوردستان ،٢٠١١، ٢١-٢٢)، بەڵام گۆڕانێكی بونیادیی ئەوتۆ لە ئابوریی هەرێمەكە نەهاتە كایەوە بەجۆرێك كە ئاستێكی گونجاو لە فرەچەشنكردنی ئابوری و كەمكردنەوەی پشت بەستن بەتاك سەرچاوەیی داهات و بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمداری و كەمكردنەوەی هاوردەو..هتد دەستەبەر بكات، تاكو هەڕەشەی قەیرانە ئابوری و داراییەكان لەسەر هەرێم كەمببێتەوە و توانای ڕوبەڕوبونەوەی قەیران و دۆخە چاوەڕوان نەكراوەكانیش زیاد بێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەیاسای بودجەی هەرێم لەساڵی ٢٠١٣ هاتبون هێشتا ڕێژەی پشت بەستن بە بودجەی عێراق لە ئاستێكی زۆر بەرزدابو، لەو ساڵەدا زیاتر لە ٩٥%ی كۆی داهاتە گشتیەكان و ٨٧%ی كۆی خەرجیە گشتیەكانی بودجەی هەرێم پشتی بە بودجەی عێراق بەستبو، ڕێژەی داهاتە ناوخۆییەكان ٥% كەمتر بو، لەگەڵ ئەوانەیشدا هێشتا بودجەكە لەدۆخی كورتهێناندا بو. سێكتەرەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و كەرتی تایبەت بەگشتی لەوپەڕی لاوازیدابون، ڕێژەی هێزی كاری بەگەڕخراو لەكەرتی حكومی لەدەوروبەری ٥٠%بو، كورتهێنانی تەرازوی بازرگانی لەئاستێكی یەكجار بەرزدابو، بەواتا بونیادی ئابوریی هەرێم لەو پەڕی لاوازی و لاسەنگیدا بوو، هەربۆیە بەهۆی بڕانی پشكی بودجەی هەرێم لە بەغداوە لەساڵی ٢٠١٤ لەماوەیەكی زۆر كورتدا

هەمو پێنوێنەکان گۆڕانکاری نەرێنیی زۆر گەورەیان بەخۆوە بینی، بەوپەڕی دەستپێوەگرتن و سکهەڵگوشینەوە هێشتا ڕێژەی کورتهێنانی بودجە گەیشتە سەروی ٥٨%، ڕێژەی بێکاری لە 6.5% لەساڵی٢٠١٣ بەرزبویەوە بۆ ١٤% لەساڵی ٢٠١٥ و کورتهێنانی تەرازوی بازرگانی زیادی کردو قەرزەکانیش چەند بەرامبەر بەرزبونەوە، هەمو ئەو بابەتانە لە چوار باسی تایبەت لەخوارەوە بەوردی شیکراونەتەوە کە پێکەوە هەبونی پاساوی تەواو بۆ پێویستبونی ئەنجامدانی چاکسازی ئابوری ڕیشەیی لە هەرێمی کوردستان دەسەلمێنن.

**باسی یەکەم / دۆخی دارایی گشتی**

**یەکەم /کورتهێنانی بودجە/** کورتهێنانی بودجەی گشتی یەکێکە لە گرفتە بەردەوام و سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئابوریی هەرێم بەگشتی، ئەمەیش لەبەر گەورەیی قەبارەی خەرجیە گشتیەکانی حکومەت و ئەو کاریگەریە گەورەو یەکلاکەرەوەیەی کە دەیکاتە سەر بازاڕ و چالاکیە ئابوریەکان بەگشتی.

خشتەی ژمارە (١) نیشانی ئەدات کە لەماوەی (٢٣) ساڵی ڕابوردودا هەمیشە خەرجیە گشتیەکان لەداهاتە گشتیەکان زیاتر بون و دۆخی دارایی گشتی لە هەرێم لە کورتهێنانی بەردەوامدا بوە، زیادبونی گەورەی قەبارەی داهاتەکان لە هەندێ ساڵدا (بەهۆکارەکانی کۆتایی گەمارۆ ئابوریەکان و بەرزبونەوەی نرخی نەوت و سودمەندبونی هەرێم لەبودجەی عێراق) نەیتوانیوە کۆتایی بە کێشەی کورتهێنان بهێنێت، چونکە هەمیشە ڕێژەی هەڵکشان و زیادبونی داهاتەکان کەمتر بوە لەڕێژەی هەڵکشانی خەرجیەکان، کەمبونەوەی قەبارەو ڕێژەی کورتهێنان لەهەندێ ساڵدا لەسەر بنەمایەکی ئابوریی نادروست بوەو بەشێکی لەسەر حیسابی لەقاڵبدانی خەرجیە گشتیە گرنگ و پێویستەکان بوە بەتایبەتیش لەبواری وەبەرهێنان و پرۆژەکان، واتە لەسەر حیسابی هاوسەنگی ئابووری بوە، تاکو ساڵی٢٠١٣ زۆربەی کورتهێنانەکانی بودجەی خەملێنراو لەڕێگەی جێبەجێنەکردنی بەشێك لە تەرخانکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنانەوە پڕکراونەتەوە، (گوڵپی،٢٠٢٠، ٤٣-٤٤).

کێشەی داهاتی گشتی لە هەرێم تەنها لە کەمی قەبارەکەیدا نیە بەڵکو لە ناهاوسەنگی و ناسەقامگیریشدایە، لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٧ تەنها داهاتی گومرگ نزیکەی ٨٢% کۆی داهاتە ناوخۆییەکانی حکومەتی هەرێمی پێکدەهێنا، لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٣ تەنها پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق نزیکەی ٩٦%ی کۆی گشتیی داهاتەکان و ٨٧%ی کۆی گشتی خەرجیەکانی بودجەی هەرێمی پێکدەهێنا (احمد، ٢٠١٥،١٤١)، لەساڵانی ٢٠١٨و ٢٠١٩ داهاتە ناوخۆییە نانەوتیەکان تەنها لە ١٨%ی داهاتەکانیان پیك دەهێنا لەبەرامبەر ٤٦%ی داهاتی نەوت و ٣٤%ی پشکی بودجە لە عێراق و ٢% هاوکاریی هاوپەیمانان(گوڵپی، ٢٠٢٠، ٤٤-٤٥). ئەم ناهاوسەنگیە وای کردوە کە دۆخی دارایی هەرێم ناسەقامگیر بێت و هەر گۆڕانێك لەو سەرچاوە سەرەکیانە کورتهێنانی گەورە دروست بکات لەکاتێکیشدا کە خودی ئەو داهاتانە ناسەقامگیرن، وەك ئەوەی کە لە 2014-2017 بەهۆی بڕانی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت ڕویداو بوە هۆی لەدەستدانی زۆرینەی داهاتەکان. ئەو دۆخە لەساڵی ٢٠٢٠ یش بەهۆی دابەزینی

گەورەی لەنرخی نەوتی خاو و بڕانی پشکی بودجەکەی لەلایەن عێراقەوە بۆ جارێکیتر دوبارە بویەوە و، لەمانگی نیسانی ئەو ساڵەدا داهاتەکانی حکومەتی هەرێم بەڕێژەی ٨٦% کەم بونەوە ( حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ٢٣).

**خشتەی (١) کورتهێنانی بودجەی گشتی لەهەرێمی کوردستان (١٩٩٧-٢٠١٩) ملیۆن دینار**

| ساڵ | داهاتە گشتیەکان | خەرجیە گشتیەکان | بڕی کورتهێنان یان سەرڕێژی لە بودجەی گشتی | ڕێژەی کورتهێنان بۆ بودجەی گشتی % |
|---|---|---|---|---|
| 1997 | 347,402 | 444,761 | -97,359 | 21.9 |
| 1998 | 463,157 | 572,680 | -109,523 | 19 |
| 1999 | 480,637 | 585,192 | -104,555 | 17 |
| 2000 | 408,142 | 667,683 | -259,541 | 38.87 |
| 2001 | 441,600 | 724,295 | -282,695 | 39.03 |
| 2002 | 533,256 | 805,114 | -271,858 | 33.77 |
| 2003 | 1,119,162 | 1,174,382 | -55,220 | 4.70 |
| 2004 | 2,553,854 | 3,118,437 | -564583 | 18.10 |
| 2005 | 3,222,007 | 3,651,075 | -429,068 | 11.75 |
| 2006 | 4,315,702 | 4,418,818 | -103,116 | 2.33 |
| 2007 | 6,163,534 | 7,847,660 | -1,684,126 | 21.46 |
| 2008 | 8,593,124 | 9,541,371 | -948,247 | 9.94 |
| 2009 | 8,283,172 | 8,857,236 | -574,064 | 6.48 |
| 2010 | 10,597,176 | 11,432,176 | -835000 | 7.30 |
| 2011 | 12,386,000 | 13,950,670 | -1,564,670 | 11.22 |
| 2012 | 13,200,950 | 15,245,797 | -2,044,847 | 13.41 |
| 2013 | 15,257,849 | 16,942,749 | -1,684,900 | 9.94 |
| 2014 | ٦,٠84,741 | 14,969,616 | -٨,٦10,875 | ٥٨.٦ |
| 2018 | 15,086,950 | 17,916,286 | -2,829,336 | 17.85 |
| 2019 | 19,560,000 | 20,448,000 | -888,000 | 4.96 |

**سەچاوەی : ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە:**

١- یاساکانی بودجەی هەرێمی کورستان لەساڵانی جیاواز، ماڵپەری پەرلەمان:
https://www.parliament.krd/business/legislation/

٢- هیوا عثمان اسماعیل الحیدري، تحلیل اثر تقلبات سعر الصرف الاجنبي في الموازنة العامة لاقلیم کوردستان العراق لمدة ١٩٩٧-٢٠١٣، رسالة ماجستیر غیر منشورة،جامعة صلاح الدین،٢٠١٤،ص ١٢٥.

٣- جهانگیر صدیق احمد، الاختلالات الهیکلیة للموازنة العامة والیات المعالجة/ اقلیم کوردستان العراق(حالة دراسیة للمدة ٢٠٠٠-٢٠١٣)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة صلاح الدین،٢٠١٥، ص٤٣.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابوری، ڕاپۆرتی بەیانی دارایی بۆساڵی ٢٠١٤.

٥- ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت
https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2019/

٦- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەریمی کوردستان، چاکسازی و خزمەتگوزاری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢١، ل١٧-٢٣.

سەبارەت بە خەرجیە گشتیەکانیش جگە لە گەورەیی قەبارەکەیان کە زیاتر لە ٥٠%ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم پێك دەهێنن (بانكی نێودەوڵەتی، ٢٠١٦، ١٤)، خراپیی تەرخانکردن و ناکارایی خەرجکردن کێشەیەکی سەرەکیە، لەماوەی ساڵانی ڕابوردوادا هەمیشە بەشی هەرەزۆری خەرجیەکان بۆ بواری موچەو بەگەڕخستن ڕۆیشتون بەڕێژەی زیاتر لە ٧٥% و کەمترینیان بۆ بواری وەبەرهێنان بوە، سەبارەت بەپشکی سێکتەرەکانیش کەمترین ڕێژە بۆ سێکتەرەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی بوە کە لە (٢%) تێنەپەڕیوە (احمد، ٢٠١٥، ١٣٠-١٣٢). ئەمەیش بۆخۆی بوەتەوە بەهۆکارێك بۆ مانەوەی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بە لاوازی و ئیفلیجی و مانەوە لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی.

**دوەم/ کەڵەکەبونی قەرزە گشتیەکان /** بەهۆی کورتهێنانە بەردەوامەکان و بەتایبەتیش بەهۆی قەیرانەکانی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ و٢٠٢٠ هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، خشتەی ژمارە (٢) دەربڕی قەبارەی قەرزە گشتیە کەڵەکە بوەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

**خشتەی (٢) قەرزە کەڵەکەبوەکانی سەر حکومەتی هەرێم (٢٠١٢-٢٠٢١) بە دۆلاری ئەمریکی**

| بابەت / ساڵ | بڕی قەرزە کەڵەکەبوەکان | بڕی گەشە | ڕێژەی گەشە % |
|---|---|---|---|
| 2012 | 1,000 | ــــــــ | ــــــــ |
| 2013 | 2,800 | 1,800 | 180.0 |
| 2014 | 8,600 | 5,800 | 207.1 |
| 2015 | 17,000 | 8,400 | 97.7 |
| 2020* | 28,476 | 11,476 | 67.5 |
| 2021(تاکو مانگی ئازار) | 31,637 | 3,161 | 11.1 |
| 2014-2021 | 28,837 | 3,605 | 70.4 |
| 2012-2021 | 31,637 | 3,164 | 63.4 |

* ژمارەکانی تایبەت بەساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٩ بەدەست نەکەووتون تاکو بەجیا ئاماژەیان بۆ بکرێت، بەڵام ئەوە جیاوازی لەئاستی کەڵەکەبونی ساڵانی پاشتر دروست ناکات چونکە قەرزە کەلەکەبوەکان لەهەرساڵێك بڕەکانی ساڵانی پێشویش لەخۆ دەگرێت.

**سەرچاوە/ ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە:**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان و بانکی نێودەوڵەتی، چاکسازی ئابوری لەپێناوی بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران، ٢٠١٦، ل٣٨.

٢- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق، راپۆرتی ژمارە ١٥٤ لە٢٠٢٠/٧/٥، دەربارەی قەرزو پابەندیەکانی سەر حکومەتی هەرێم.

٣- ڕونکردنەوەی حکومەتی هەرێم لە ئازاری ٢٠٢٠، لێدوانی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەربارەی قەرزەکان لەکۆبونەوەی ڕۆژی ٦/٢٨ /٢٠٢١ لەپەرلەمانی کوردستان.
http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8592&fbclid=IwAR3D7t5NhtDEJsUQd5spM9ffK0l-V6InZ7dcjc5YXC7GBDMqlLbjxjI1OZIk

وەك لە خشتەكەدا دەردەكەوێت لەماوەی نێوان ٢٠٢١-٢٠١٢ كۆی قەرزە كەڵەكەبوەكان گەیشتوەتە (٣١٦٣٧) ملیۆن دۆلار، بە ناوەندی گەشەی ساڵانەی (٣١٦٤) ملیۆن دۆلارو بە تێكرای ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ٦٣,٤%. تەنها لە ماوەی ٧ ساڵ لە ٢٠١٤ تاكو مانگی ئاداری ٢٠٢١ بڕی قەرزەكان لە (٢٨٠٠) ملیۆن دۆلارەوە گەیشتوەتە (٣١٦٣٧) ملیۆن دۆلار واتە لەو ماوەیەدا بەبڕی( ٢٨٨٣٧) ملیۆن دۆلار قەبارەی قەرزەكان زیادی كردوە كە ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ئەو ماوەیە ٧٠% یە. قەبارەی قەرزە كەڵەكەبوەكان لە ٢٠٢١ هێڵی سوری[1]تێپەڕاندوەو گەیشتوەتە ئاستی مەترسیدار، هەرچەندە بەشی زۆری قەرزو پابەندیە داراییەكان ناوخۆیین[2]، بەڵام بەهۆی ئەوەی كەحكومەتی هەرێم خاوەن دەسەڵات و دامەزراوەی نەختینەیی و داریی بەهێز و سیستەمی بانكداری و قەرز و بازاڕی دارایی گەورە نیە بۆیە دەتوانین بڵێن كە قەرزاربونی هەرێم بەو خێراییەو بەو قەبارە گەورەیە پاساو و هۆكارەكانی هەرچیەك بن لەوە ناگۆرێت ئاماژەی مەترسیی گەورەن لەسەر ئابوریی هەرێم.

**باسی دووەم/ پەیكەری كۆبەرهەمی ناوخۆیی**

هەرێمی كوردستان و عێراق و وڵاتانی تازە گەشە سەندو لەوەدا هاوبەشن كە لاسەنگیەكی زۆر لەپەیكەری كۆبەرهەمی ناوخۆییاندا هەیە، ئەمە بۆخۆی لەسەرەكیترین و ریشەیترینی لاسەنگیە ئابوریەكانەو ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دروستكردنی لاسەنگیەكانی تری پەیكەری ئابووری.

لاسەنگیی هەرە گەورە لە پەیكەری كۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم بریتیە لە گەورەیی پشكی بەشداری نەوت( داهاتی هەناردەكردنی نەوتی خاوی هەرێم و پشكی بودجەی هەرێم لەداهاتی نەوتی عێراقەوە) لەبەرامبەر كەمیی بەشداری سێكتەرەكانی تر، ڕێژەی بەشداری سێكتەری نەوت نزیكەی ٥٠%ی كۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم و عیراق پێك دەهێنێت(صالح، ٢٠١٨، ٤٠٧).

[1] زانیاری وردو دروست سەبارەت بە قەبارەی كۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم لەبەردەست نیە تاكو بەدروستی بزانرێت قەرزەكان ڕێژەی چەندی كۆبەرهەمی ناوخۆییان تێپەڕاندوە، لە پلانی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستاندا هاتوە لەساڵی ٢٠١١ كۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم ٢٤ ترلیۆن دینار بوە (حكومة اقلیم, ٢٠١٤, ١٠)، پاڵپشت بەو ژمارەیەو بەرەچاوكردنی دۆخی ئابوریی و دارایی هەرێم لەساڵی ٢٠١٤ و پاشتر ئەتوانین بڵێن كە بەرەو پێشچونی گەورە لەكۆبەرهەمی ناوخۆیی هەریم ڕوینەداوە، هەربۆیە دەكرێ مەزەندەی ئەوە بكەین كە لەئێستادا ڕێژەی قەرزە گشتیەكانی سەر حكومەتی هەرێم لە١٠٠%ی كۆبەرهەمی ناوخۆیی تێپەڕاندوە، ئەوەیش لەسەروی پێوەرە باوەكانەوەیە بەتایبەتیش پێوەری ڕێككەوتننامەی ماسترێخت ( ڕێككەوتننامەی یەكیەتی ئەوروپا) كە میچی قەرزەكانی بە ٦٠% و میچی كورتهێنانی بودجەی بە ٣%ی كۆبەرهەمی ناوخۆیی دیاریكردوە.

[2] بەپێی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بڕی قەرزە دەرەكیەكان (4,288) ملیۆن دۆلارە كە دەكاتە 13.5%ی كۆی دواكوژمەی قەرزو پابەندیە داراییەكان كەڵەكەبوەكان، بڕی قەرزە ناوخۆییەكانیش نزیكەی(٢,٩٦٠) ملیۆن دۆلارن كە دەكاتە (9.3%)، بەشەكەی تر بریتیە لە پاشەكەوتی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆران بەگشتی و پابەندیەكانی وەزارەتەكانی كارەبا و سامانە سروشتیەكان و وەزارەتەكانی تر بەرامبەر بەولایەنانەی كە كاریان بۆ حكومەت كردوە بەڵام تاكو ئێستا حكومەت شایستە داراییەكانی بۆ خەرج نەكردون، لەگەڵ پابەندیەكان بەرامبەر هەردو بانكی بازرگانی عێراقی و بانكی كوردستان. شایانی ئاماژەیە كە ئەو ژمارانە گوزارشت نین لە پوختەی قەرزەكان و قەرزەكانی حكومەتی هەرێم لەلای هاووڵاتایان و بەڵێندەران هەژمار نەكراون.

**خشتەی (٣) ڕێژەی بەشداریی چالاکیە ئابوریەکانی نانەوتی لە پێکهێنانی کۆبەرهەمی ناوخۆیی و وەخۆگرتنی هێزی کار وپلەی لاسەنگیە پەیکەریەکان لە هەریمی کوردستان بۆ چەند ساڵێك لە(٢٠٠٧-٢٠١٤)**

| بابەت / ساڵ | چالاکیە کشتوکاڵیەکان | | | چالاکیە پیشە سازیەکان | | | چالاکیەکانی خزمەتگوزاری و دابەشکردن | | | پلەی لاسەنگی لە کۆی سێکتەرە نانەوتیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | cp1* | cl1 | d1 | cp2 | cl2 | d2 | cp3 | cl3 | d3 | D: [d1+d2+d3] |
| 2007 | 5.6 | 11 | -5.4 | 5.2 | 21 | -15.8 | 89.2 | 68 | -21.2 | 42.4 |
| 2011 | 7.4 | 8 | -0.6 | 16.4 | 22 | -5.6 | 76.2 | 70 | - 6.2 | 12.4 |
| 2012 | 4 | 5 | -1 | 14 | 19 | -5 | 82 | 76 | - 6 | 12 |
| 2014 | 3 | 10 | -7 | 15 | 16 | -1 | 82 | 74 | - 8 | 16 |
| ناوەندی هەرچوار ساڵەکە | 5 | 8.5 | -3.5 | 12.6 | 19.5 | -6.9 | 82.4 | 72 | -10.4 | 20.7 |

* (cp) ئاماژەیە بۆ بەشداری لەدروستکردنی کۆبەرهەمی ناوخۆیی (Contribution to the gross domestic product)،
(pl) ئاماژەیە بۆ بەشداری لە بەگەڕخستنی هێزی کار (Contribute to the employment of labor)،
(d) کورتکراوەی (disruption) ئاماژەیە بۆ لاسەنگیی کەرت و چالاکیی دیارکراو،
(D) ئاماژەیە بۆ پلەی لاسەنگیی کۆی چالاکی و سێکتەرە نانەوتیەکان.

**سەرچاوە/ ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە:**

١- حکومة اقلیم کوردستان، وزارة التخطیط، خطة التنمیة الاستراتیجیة لاقلیم کوردستان ٢٠١٢-٢٠١٦، اربیل ٢٠١١، ص٢٢.

٢- حکومة اقلیم کوردستان، وزارة التخطیط، خطة التنمیة لاقلیم کوردستان لسنوات ٢٠١٥-٢٠١٩، اربیل ٢٠١٤، ص١١،١٢.

٣- حکومەتی هەریمی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی، چاکسازی ئابوری لەپیناوی بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران،٢٠١١، ل٣١.

جگە لەو لاسەنگیەی کە لەنێوان کەرتی نەوتی و نا نەوتیدا هەیە، خشتەی (٣) نیشانی دەدات کە بەشداری چالاکیە ئابوریەکان لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی نانەوتیدا زۆر لاسەنگە بەم شێوەیە: کشتوکاڵ ٥% و پیشەسازی، ١٢,٦% و خزمەتگوزاری ٨٢,٤%.

ئەم دابەشبونە بۆ ئابوریی هەرێم تەندروست نیە و لەگەڵ مۆدێلە ئابوریە باوەکان نەگونجاوە بەتایبەتیش مۆدێلی (ئارسەر لویس) بۆ گۆڕانی بونیادی کە لەسەر بنەمای گواستنەوەی زیادەی هێزی کار لە سێکتەری کشتوکاڵ بۆ سێکتەری پیشەسازی بنیات نراوە(Dookeran,2019,2 )، وە مۆدێلی (کلارل- فیشەر) بۆ گۆڕانی بونیادی، کە بەپێی ئەو مۆدێلە ئابوریەکی لاواز و کشتوکاڵی بەبێ ئەوەی بەقۆناغی گەشەکردن و پێشگەیشتنی پیشەسازی و کەڵەکە بونی سەرمایەو زۆربونی دەرامەتدا تێپەڕێت ناگاتە ئەو قۆناغەی کە ڕێژەی بەشداری چالاکیە خزمەتگوزاریەکان تێیدا ئەوەندە بەرزبێت (Mukherjee,2018,38)، بەڵام ئەوەی لەعیراق و هەرێم و دەوڵەتانی تری نەوتی ڕوودەدات جیاوازە چونکە بەبێ گەشەی پیشەسازی و بەرزبونەوەی ئاستی بەرهەمداری و کەڵەکەبونی سەرمایە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی داهاتی تاك و بەرزبونەوەی خواست لەسەر بەرهەمی پیشەسازی و پاشتریش خزمەوتگوزاری کە لەڕێگەی هاوردەوە پردەکرێنەوە، ئەوەیش

هۆكاری سه‌ره‌كیه‌ بۆ توشبونی ئه‌و وڵاتانه‌ به‌نه‌خۆشی هۆڵه‌ندی. له‌دۆخێكدا سێكته‌ره‌ بنه‌ڕه‌تیه‌كانی به‌رهه‌مهێنان لاوازبن و پێویستیان به‌ بوژاندنه‌وه‌ بێت له‌به‌رامبه‌ریشدا چالاكیه‌ خزمه‌تگوزاریه‌كان داهات و هه‌لی كارو زۆربه‌ی خواسته‌كان بۆ تاك و كۆمه‌ڵگه‌ دابین بكه‌ن و زیاتریش پشت به‌ هاورده‌ ببه‌ستن ئه‌وه‌ بۆخۆی كۆسپیكی گه‌وره‌یه‌ له‌به‌رده‌م بوژانه‌وه‌ی كه‌رته‌كانی به‌رهه‌مهێنان، به‌پێی تێڕوانینی (Baumol) ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یانه‌ی بۆ به‌كاربردنی خزمه‌تگوزاری پشت به‌ هاورده‌ ده‌به‌ستن ئاستی به‌رهه‌مدارییان ڕو له‌نزمبون ده‌بێت( صالح، ٢٠١،٤٠٨).

دیوێكی تری لاسه‌نگی له‌پیكه‌ری كۆبه‌رهه‌می ناوخۆیی له‌سه‌ر ئاستی سێكته‌ره‌كان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ جیاوازیه‌كی گه‌وره‌ هه‌یه‌ له‌نێوان ڕێژه‌ی به‌شداریی سێكته‌رو چالاكیه‌ ئابوریه‌كان له‌ كۆبه‌رهه‌م و له‌ وه‌خۆگرتنی هێزی كار، ئه‌مه‌ش به‌پێی مۆدێلی (سیمۆن كۆزینتس) نیشانه‌ی لاسه‌نگیه‌ له‌ بونیادی ئابوری له‌ هه‌ر سێكته‌رێك، وه‌ پێویسته‌ كۆی لاسه‌نگیه‌كانی پیكه‌ری ئابوری كه‌ له‌ كۆی پله‌ی ڕه‌های لاسه‌نگی كه‌رته‌كان پێك دێت له‌ ٢٠% زیاتر نه‌بێت، له‌ هه‌ژماركردنی پله‌ی لاسه‌نگیشدا نیشانه‌ی (سالب و موجه‌ب) ڕه‌چاو ناكرێت چونكه‌ ئه‌و جۆره‌ له‌ لاسه‌نگی به‌هه‌ردو باره‌كه‌دا هه‌ر یه‌ك مانای هه‌یه‌ ( صالح،٢٠١٨،٤٠٥).

هه‌رچه‌نده‌ زانیاریی فه‌رمی و دروست له‌باره‌ی قه‌باره‌ی كۆبه‌رهه‌می ناوخۆیی هه‌رێم به‌رده‌ست نیه‌ به‌ڵام وه‌ك پێشتر ئاماژه‌ی بۆكرا به‌پێی هه‌ندێ سه‌چاوه‌ له‌هه‌رێم و عیراق سێكته‌ری نه‌وت له‌ ٥٠%ی كۆبه‌رهه‌می ناوخۆیی پێكده‌هێنێت (صالح، ٢٠١٨، ٤٠٧)، كه‌چی ڕاسته‌وخۆ ته‌نها به‌شداری له‌ڕێژه‌ی١%ی به‌گه‌ڕخستنی هێزی كار ده‌كات(بانكی نێوده‌وڵه‌تی، ٢٠١٦،١٣)، به‌و واتایه‌ی ته‌نها لاسه‌نگیی بونیادی له‌كه‌رتی نه‌وت نزیكه‌ی ٤٩% یه‌ز له‌خشته‌كه‌دا دیاره‌ كه‌ له‌ هه‌ریه‌ك له‌ چالاكیه‌ ئابوریه‌ نانه‌وتیه‌كانیشدا لاسه‌نگیه‌كی به‌رچاو هه‌یه‌، ڕێژه‌ی ناوه‌ندی به‌شداریی چالاكیه‌ كشتوكاڵیه‌كان له‌و ساڵانه‌دا ٥% بۆ كۆبه‌رهه‌م و ٨,٥% بۆ هێزی كاره‌ و پله‌ی لاسه‌نگیه‌كه‌ی ٣,٥%، ناوه‌ندی ڕێژه‌ی به‌شداری چالاكیه‌ پیشه‌سازیه‌كانیش ١٢,٦% بۆ كۆ به‌رهه‌م و ١٩,٥% بۆ هێزی كار و پله‌ی لاسه‌نگی ٦,٩%، چالاكه‌یه‌ خزمه‌تگوزریه‌كانیش ٨٢,٤% بۆ كۆبه‌رهه‌م و ٧٢% بۆ هێزی كار و پله‌ی لاسه‌نگی ١٠,٤%، سه‌ره‌نجام كۆی پله‌ی لاسه‌نگیی له‌ په‌یكه‌ری كۆبه‌رهه‌می نانه‌وتی ده‌كاته‌ ٢٠,٧%. به‌م جۆره‌ له‌گه‌ڵ ٤٩% لاسه‌نگی كه‌رتی نه‌وتدا كۆی گشتی لاسه‌نگیی له‌په‌یكه‌ری كۆبه‌رهه‌می ناوخۆیی هه‌رێم نزیكه‌ی ٧٠%یه‌، واته‌ سێ جار زیاتره‌ له‌ میچی ڕیژه‌ی په‌سه‌ندكراو به‌پێی تێزه‌كه‌ی (كۆزنیتس).

**باسی سێیه‌م/ بازرگانی ده‌ره‌كی**

یه‌كێك له‌ لاسه‌نگیه‌ بنه‌ڕه‌تیه‌كان له‌ بونیادی ئابوری وڵاتانی تازه‌ گه‌شه‌سه‌ندو بریتیه‌ له‌ كورتهێنانی ته‌رازوی بازرگانیی، واته‌ گه‌وره‌یی قه‌باره‌ی هاورده‌كان له‌به‌رامبه‌ر كه‌می و بچوكی قه‌باره‌ی هه‌نارده‌كان، هۆكاری سه‌ره‌كیی ئه‌وه‌یش بریتیه‌ له‌ لاوازیی سێكته‌ره‌كانی به‌رهه‌مهێنانی ناوخۆیی و سیاسه‌ته‌ نه‌ختنه‌یی و داراییه‌ فراوانكاریه‌كانی حكومه‌ته‌كان و خواستی هه‌ڵكشاوی دانیشتوان بۆ كاڵاو خزمه‌تگوزاری به‌ڕاده‌ی زیاتر له‌توانای وه‌ڵامدانه‌وه‌ی سێكته‌ره‌كانی به‌رهه‌مهێنانی ناوخۆیی. كورتهێنانی ته‌رازوی بازرگانیی ده‌ره‌كی هۆكاری سه‌ره‌كیی چونه‌ ده‌ره‌وه‌ی زیاتری دراوی

بيانيە کە ئەویش هۆکاریکی سەرەکیە بۆ کەمبونەوەی یەدەگی نەختی و زیادبونی قەرزی دەرەکی و ناسەقامگیریی نرخی ئاڵوێری دراو[٣] و ناسەقامگیریی نرخەکان بەگشتی(شانی،٢٠١١،٥٣) هەرێمی کوردستان دەیان ساڵە لەدۆخی کورتهێنانی بازرگانیی گەورەدایە و هەمیشە قەبارەی هاوردەی زۆر زیاتر بوە لە هەناردەکردنی، بەجۆرێك ئەگەر بەرهەمی نەوتی خاو و کاڵای هاوردەی دوبارە هەناردەکراوی لێ بەدەرکەین ئەتوانین **بڵێین** کە قەبارەی هەناردەکردن لەهەرێم لەچاو هاوردە نزیکە لەئاستی نەبون.

**خشتەی (٤) هاوردە و هەناردەی هەرێمی کوردستان (بەبێ نەوتی خاوی هەناردەکراو) (٢٠١٢-٢٠١٧) بەملیۆن دینار**

| بابەت / ساڵ | هاوردە | | هاوردەی دوبارە هەناردەکردنەوە | | کورتهێنان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕ | ڕێژەی گەشە | بڕ | ڕێژەی گەشە | بڕی کورتهێنان | ڕێژەی کورتهێنان |
| 2012 | 15,608,999 | | 2,407,791 | | -13,201,208 | %85 |
| 2013 | 17,201,161 | %10 | 3,047,542 | %27 | -14,153,619 | %82 |
| 2014 | 16,755,241 | %-3 | 2,969,708 | %-3 | -13,785,533 | %82 |
| 2015 | 12,908,487 | %-23 | 1,949,348 | %-34 | -10,959,139 | %85 |
| 2016 | 15,927,944 | %23 | —— | —— | —— | —— |
| 2017 | 16,133,247 | %1 | —— | —— | —— | —— |
| ناوەندی ساڵانە | 15,755,847 | %2 | 3,458,130 | %-3 | -13,024,875 | %84 |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە:**
١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ب.گ. پلان دانان و بەدواداچون، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان ٢٠٠٤-٢٠١٥ .
٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەریمی کوردستان، ڕاپۆرتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردە) بۆعیراق و هەرێمی کوردستان، لەنێوان ٢٠١٦-٢٠١٧، ئەیلولی ٢٠١٨:
http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=trade

خشتەی ژمارە(٤) ڕونی دەکاتەوە کە قەبارەی هاوردە زۆر گەورەیە، ئەوەیش دەرەنجامی لاوازیی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆییە بۆ پڕکردنەوەی خواستی سەرچاوەگرتو لە ئەنجامی داهاتی نەوت و کورتهێنانی بودجە و قەرزەکانەوە. وەك لەخشتەکەدا دیارە بەهەژمارکردنی کاڵای

[٣] ناسەقامگیری و ناهاوسەنگیی لە تەرازوی بازرگانیی دەرەکی و تەرازوی پێدان بەگشتی هۆکاری سەرەکیە بۆ ناسەقامگیری نرخی ئاڵوێری دراو , لەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی لە سیستمی ئاڵوێری ئازاد دەکەن کاریگەریەکە ڕاستەوخۆیە، بەڵام لەعێراق و هەندێ دەوڵەتی تر نرخی ئاڵویر لەلایەن بانکی ناوەندیەوە دیاری دەکرێت و بە ئامرازو ڕێکاری تایبەت کار بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەکرێت, هەربۆیە کاریگەریەکە لەو وڵاتانە ناڕاستەوخۆیەو لەڕێگەی کاریگەریی تەرازوی پێدان بەگشتی لەسەر ئاستی یەدەگی نەختیی بیانیەوە دەبێت. لەهەمو بارێکدا و لەهەمو دەوڵەتیکیشدا کۆمەڵێك هۆکارو گۆڕاوی تریش هەن کە کاریگەریان لەسەر ئاستی سەقامگیری نرخی ئاڵوێر هەیە.

هاوردەكراوی دوبارە هەناردەكراویش هێشتا ڕێژەی كورتهێنان بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٥ نزیكەی ٨٤%ه، لەكاتێكدا كە دوبارەهەناردەی كاڵای هاوردە پەیوەندیی بە كەرتەكانی بەرهەمهێنانی ناوخۆییەوە نیەو تەنها چالاكیەكی بازرگانیە، بۆیە ئەتوانین بڵێن كە ڕێژەی كورتهێنانی ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاترە(بانكی نێودەوڵەتی،٢٠١٦، ١٤)، ئەمەش ئاماژەیەكی مەترسیدارە لەسەر ئاسایشی ئابوری و هۆكاری سەرەكیە بۆ مانەوەی كەرتەكانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بە لاوازی و ناسەقامگیریی نرخی كاڵاو خزمەتگوزاریەكان. هەرێمی كوردستان پەیكەری هەناردەكردنیشی لەوپەڕی لاسەنگیدایەو تەنها پشت بەیەك كاڵا دەبەستێت كە ئەویش نەوتی خاوە، ئەویش جگە لەگرفتە سیاسیەكان بەردەوام بەهۆی گۆڕانكاریەكانی نرخەكەی لە بازاڕی جیهانیدا لەدۆخێكی ناجێگیردایەو سەرچاوەیەكی داهاتی ناسەقامگیرە.

### باسی چوارەم/ بێكاری و پەیكەری هێزی كار

یەكێكلە لە لاسەنگییە بونیادیەكانی ئابوریی هەرێم **بریتیە** لە لاسەنگی بازاڕی كار و پەیكەری هێزی كار، بونی بۆشایی لە نێوان خستنەڕوی هێزی كار و خواست لەسەری كە لەشێوەی هەبونی بێكاریدا دەردەكەوێت، لەگەڵ ناهاوسەنگی پەیكەری هێزی كار بەپێی تەمەن و ڕەگەز و دابەشبونی بەسەر كەرت و چالاكیە ئابوریەكان و هەبونی بێكاری شاراوە لە خەسڵەتە دیارەكانی ئابوریی هەرێمن، ئەم جۆرە خەسڵەتانەیش بە سیماكانی لاسەنگیە بونیادیەكانی ئابوری دادەنرێت ( محی الدین، ٥٥؛ عیسی، ٢٠١٣، ١٥).

بەپێی سەرچاوە و ڕوپێو و ئامارە فەرمیە بڵاوكراوەكان ڕێژەی بێكاری لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٨ ناجێگیر بوە ، بەرزترین ڕێژە لەساڵی ٢٠٠١ بوە كە ١٦,٩% بوەو كەمترین ڕێژەیش لەساڵی ٢٠١٣ كە ٦,٥% بوە(علی، ٢٠١٥، ٥٦)، لەساڵی ٢٠١٥دا گەیشتوەتەوە ١٤% (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠١٦، ٨)، و لەساڵی ٢٠١٨% ڕێژەكە بوەتەوە ٩%(دەستەی ئاماری هەرێم، بەشداربوان لەهێزی كار،٢٠٢١). بەشی زۆری گۆڕانكاری لە ڕێژەی بێكاری لەهەرێم پەیوەستە بە گۆڕانی دۆخی ئابوریی عێراق بەگشتی و نەمانی گەمارۆ ئابوریەكان و هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوت و هاتن و نەهاتنی بەشی بودجەی هەرێم لەعیراقەوە. شیاوی ئاماژە پێكردنە كە ئەو ڕێژانەی سەرەوە تەنها گوزارشت لە بێكاری ئاشكرا دەكەن و بێكاریی شاراوە لەخۆ ناگرن، ئەگەرنا ڕێژەكە زۆر لەوە بەرزترە، چونكە بە پشت بەستن بەزۆر ئاماژە دەتوانین بڵێن كە ڕیژەی بێكاری شاراوە لەهەرێمی كوردستان و عیراق لەئاستێكی بەرزدایە، دابەزینی ئاستی بەرهەمداریی دەستی كار لەعیراق بەگشتی لەساڵی ٢٠١٨ بۆ٢٥% لەچاو ئاستی بەرهەمداریی ساڵی ١٩٧٩ (الورقە البیضاء،٢٠٢٠، ١٧) و، كەمیی كاتژمێری كاركردن لەكەرتی حكومی لەهەرێم بەڕێژەی ٢٧% لەچاو كەرتی تایبەت ( بانكی نێودەوڵەتی،٢٠١٦، 44-42) ئاماژەن بۆ بونی بێكاریی شاراوە بەڕێژەی بەرز. لەلایەكی ترەوە بەپێی ڕوپێو و ڕاپۆرتەكانی دەستەی ئاماری هەرێم ڕیژەی بەشداری كاركردن لەهێزی كار بۆ ڕەگەزی مێ نزیكەی ١٤%یە لەبەرامبەردا ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی نێر كە نزیكەی ٦٤%ه، لەو ئافرەتانەیشی كە كاردەكەن ٨٠% لەناو كەرتی حكومیدان، و بەگشتیش هێزی كاری بەگەڕخراوی ئافرەتان لە٩٣%ی لە

چالاكیە خزمەتگوزاریەكاندایە. دابەشبونی هێزی كار لەنێوان كەرتی حكومی و كەرتی تایبەتیشدا لاسەنگیەكی زۆر لەخۆ دەگرێت، ڕێژەی هێزی كاری بەگەڕخراو لەكەرتی حكومی نزیكە٥٠% پێك دەهێنێت(دەستەی ئاماری هەریم، ٢٠١٥، ٦-١٣). هەروەك لەخشتەی ژمارە(٣)یشدا دیاریكرابو ڕێژەی دابەشبونی هێزی كار بەسەر كەرت و چالاكیە ئابوریەكاندا لاسەنگیەكی زۆر گەورەی لەخۆ گرتوە: ٧٢%ی كۆی هێزی كاری هەرێم لەچالاكیە خزمەتگوزاریەكاندا بەگەڕخراوە، ئەم ژمارە و ڕێژانە بەگشتی ئاماژەن بۆ لاسەنگیی زۆر گەورە لەهێزی كار و لاوازیی ئاستی بەرهەمداری هێزی كاری هەرێم.

## بەشی سێیەم/ هەوڵەكانی چاكسازی ئابوری لە هەرێمی كوردستان، بەربەست و ئاڵەنگاریەكان

### باسی یەكەم/ هەوڵەكانی چاكسازی و دەرەنجامەكانیان

مێژوی هەست كردن بەكێشە بونیادیەكانی ئابوری لەكوردستانی باشور بۆ دەیان ساڵ پێش دروستبونی قەوارەی هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە، داواكاری بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ باشكردنی دۆخی ئابوری و پەرەپێدان و چاكسازی كەم تا زۆر لە زۆربەی ساڵ و سەردەمەكاندا لەناو كەس و توێژ و لایەن و ناوەندە جۆراوجۆرەكاندا بونی هەبوە (Noori,2018,23-24)، لەلایەن حكومەتی هەرێمیشەوە هەمیشە ویستی چاكسازی ئابوری ڕاگەیەنراوەو زۆرجاریش هەوڵ و هەنگاوی جۆراوجۆرهەبون وەك ( دوو پلانی چوارساڵە بۆ پەرەپێدان لەساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٥، دیدگای ٢٠٢٠ لە ساڵی ٢٠١٣، پلانی چاكسازی ئابوری لە ٢٠١٦، چاكسازی ئێستاو ئایندە لە٢٠٢٠ كە هەمویان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئامادەكراون، پلانی چاكسازی لەكارگێڕی دارایی و ئابوری لەساڵی ٢٠١٥ لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوریەوە، بڕیاری چاكسازی لە ٢٠١٦ لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانەوە، ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لەساڵی٢٠١٧ لەلایەن دەستەی دەستپاكی هەرێمی كوردستانەوە..هتد)

هەرچەند كۆمەڵێك هەنگاونراون بۆ جێبەجێكردنی ئەو پلان و بەرنامانە (حكومەتی هەرێمی كوردستان،٢٠١٧، ١-٢٦)، بەڵام بەپێی ئەو ئامار و پێنوێنانەی لەبەشی دوەمدا خستمانە ڕو، بەپێی ئاماژەو پێدراوەكانی ئێستایش ئەتوانین بڵێن كە ئەو هەوڵانە بەگشتی سەركەوتو نەبون لەهێنانەدیی زۆرینەی ئامانجەكانیان و كێشەو لاسەنگیە گەورەكانی بونیادی ئابوری تاكو ئێستایش بەردەوامن. هۆكاری ئەوەیش بەشێكی بۆ شاشی و ناواقیعی پلانەكان دەگەڕێتەوەو بەشێكی گەورەتریشی پەیوەستە بە گرفتەكانی جێبەجێكردنەوە و خولانەوە لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی.

ئەو هەوڵانە لەڕوی نەخشەڕێژی و پلانسازیەوە لەزۆر ڕوەوە جێگەی تێبینین و كەموكوڕیان تێدایە، زۆربەیان لەڕوی دیزاین و پەیكەرو پێكهاتەوە وەك وێنەی لەبەر گیراوەی پلانەكانی عێراقن، كەموكوڕی زۆر لە پێنوێنی وردو ڕون بۆ زۆر بواری ئابوری و كۆمەڵایەتی، نەبونی میتۆد و ستراتیژی

دیاریكراو بۆ پلانەكان، دانانی ئامانجی گەورەو زۆر بۆ هەمو سێكتەرو لایەنەكان، نادیاری ئامرازو پلانی كار و تەكنیكی جێبەجێكردن بەجۆرێك كە ئامانجەكان ورد بكرێنەوەو پێنوێن و كات و ڕێكاری پێویست بۆ جێبەجێكردنیان و لایەنە بەرپرسەكان دیاری بكرێن و ڕێكارەكانی بەدواداچون و پێوەرەكانی هەڵسەنگاندن دیارین، ئەوانە لەخەسڵەتە سەرەكیەكانی زۆربەی ئەو هەوڵ و پلانانەن.

(زیادكردنی ڕێژەی خەرجیەكانی وەبەرهێنان لەبودجەی هەرێم بۆ٥٠%، زیاد كردنی گەشەی كۆبەرهەمی ناوخۆیی بەڕێژەی ساڵانەی ٨%، زیادكردنی گەشەی كەرتی كشتوكاڵ بەڕێژەی ساڵانەی ١٥%، كەرتی پیشەسازی ٥%، گەشتیاری٧%، زیادكردنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەكی بەڕێژەی٢٠% لەماوەی چوارساڵدا، كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاری بۆ٤% و..هتد) بەشێكن لە ئامانجە سەرەكیەكانی هەردو پلانە چوارساڵیەكەی وەزارەتی پلان دانان كە گەورەو ناواقیعی بون و كەمترین ڕێژەیان لێ وەدیهات، هەندێك لە پلانەكانیش پێنوێنی ژمارەییان دیارینەكردوە بۆ ئامانجەكان وەك پلانی چاكسازی ئابوریی ٢٠١٦ و، چاكسازی كارگێری دارایی و ئابوریی ٢٠١٥ و، چاكسازی ئێستاو ئاینده ٢٠٢٠. ئەوانەیش دەیسەلمێنن كە پلانەكان لەڕوی داڕشتن و ئامادەكردنەوە پڕ گرفت و كەموكورین. بەشێكی تری گرفتەكە ئەوەیە كە زۆربەی ئەو هەوڵ و پلانانە نەچونەتە بواری جێبەجێكردنەوەو وەك مەرەكەبی سەر كاغەز ماونەتەوە. واتە چاكسازی ئابوری سەرەڕای گرفتی نەخشەڕێژی، گرفتی جێبەجێكردنیشی هەیە كە گرفتێكی گەورە ترو ئاڵۆزتر و كاریگەرترە.

**باسی دوەم/ بەربەست و ئاڵنگاریەكانی چاكسازی ئابوری لە هەرێمی كوردستان**

چاكسازی ئابوری لەهەرێمی كوردستان بەگشتی لەبەردەم كۆمەڵێك بەربەست و ئاڵنگاریدایە، كە دەشێ بەچەندین جۆر ئاماژەیان بۆ بكرێت، وەك دۆخی ناهەمواری ئابوری و قوڵیی لاسەنگیە بونیادیەكانی ئابوریی هەرێم، بەربەستە سیاسیەكان و پەرت بونی دەسەڵات، دەستێوەردانی حیزب و بەرپرسەكان لەكاروباری ئابوری، گەندەڵی و نادادی و لاوازی دامەزراوەكانی حكومەت و دەسەڵاتی دادوەری و چاودێری، نەبونی دەسەڵاتەكانی نەختینەیی و دارایی و قەرزوقۆڵە و ئاسانكاریی بانكی و بازرگانیی دەرەكی، بڕان و كەمكردنەوەی پشكی بودجەی هەرێم لەبەغداوەو..هتد. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ریشەییانە خوێندنەوە بۆ پرسەكە بكەین و، بەربەست و ئاڵنگاریە بنەڕەتیەكان لە دو خاڵی سەرەكیدا چڕ بكەینەوە، ئەوانیش بریتن لە؛ بازنەی داخراوی ڕەیعی و، لاوازی دامودەزگاكان.

**یەكەم/ بازنەی داخراوی ڕەیعی:**

مەبەست لەڕەیع لێرەدا ڕەیعی دەرەكیە بەو جۆرەی كە بیرمەندی ئێرانی (حسێن مەهداوی) داهێنەری چەمكی دەوڵەتی ڕەیعی گوزارشتی لێ كردوە كە: بریتیە لە داهاتی وەرگیراو بەبڕی گەورەو بەشێوەی بەردەوام لەدەرەوە، چ وەك داهاتی فرۆشتنی كەرەستەی خاو یان بەخشینی بیانی (Mahdavy,1970,431)، ئێمە لێرەدا بەدیاریكراوی مەبەستمان لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوە لەلایەن حكومەتەوە كە باوترین گوزارشتە بۆ ئەو چەمكە. مەبەستیشمان لە بازنەی داخراوی ڕەیعی یان تەڵەی ڕەیعی ئەو دۆخەیە كە نەفرەتی سەرچاوەكان و نەخۆشی هۆڵەندی بۆ ئابوریەكی

پێشنەکەوتو و خاوەن دامودەزگای لاواز دروستی دەکات و دەبێتە بازنەیەکی داخراو کە ئابوری لەناویدا گیرۆدە دەبێت[٤]. ئەو هێڵکاریەی خوارەوە چۆنیەتی گیرۆدەبون لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی و سوڕی ئابوری لەناو ئەو بازنەیەدا ڕون دەکاتەوە.

**هێڵکاری بازنەی داخراوی ڕەیعی**




سەرەتا تەڵەی ڕەیعی لەعێراق بە ڕێککەوتنی بەشکردنی نیوبەنیوی قازانج لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردو دەستی پێکرد لەو سەردەمەیشدا عیراق خاوەنی ئابوریەکی بەهێزو فرەچەشن و پیشەسازیەکی پێشکەوتو و دامودەزگای سیاسی و ئابوریی بەهێز

[٤] بازنەی داخراوی ڕەیعی وەك ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا هاتوە سەرچاوەی بیرۆکەکەی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئابوریناسی عیراقی دکتۆر علی مرزا دەگەڕێتەوە بەناونیشانی (استفحال الفخ الريعي في العراق) کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ٢٠١٨ لە گۆڤاری (قظايا استراتيجية) بلاوی کردوەتەوەو، پاشتر لە دوتوێی کتێبکدا بەناوی (اوراق الاقتصادية و النفطية - العراق و العالم) لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاوی کردوەتەوە، بەڵام لەوێدا تەنها چەمکەکە بەکار هاتووە چەند بیرۆکەیەك لەپەرەگرافە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەکەدا دەبینرێن ، ئەوەی لەم توێژینەوەیەی ئێمەدا خراوەتەڕو پەرەپێدان وڕێکخستن و وردەکاری زۆری تێداکراوە، بەجۆریك گەڵاڵە کراوە کەبتوانرێت وەك مۆدێلێك بۆخوێندنەوەی سوڕی ئابوری لەوڵاتانی ڕەیعی سودی لێ وەربگیرێت بەجۆرێك کە گۆڕاوە ئابوریەکان لەسەنتەردا بن. بۆ خستنەڕوی خەسڵەت و کاریگەریەکانی نەخۆشی هۆڵەندی و نەفرەتی سەرچاوەکان لەمۆدێلەکەدا سود لە لێکۆڵینەوەکەی (Jeffry D. Sachs & Andrew M. Warner) وەرگیراوە بە ناونیشانی ( Natural Resource Abundance and Economic Growth) کە لەساڵی ١٩٩٥ لە (National Bureau of Economic Research) بڵاوکراوەتەوە. جیاوازیی ئەم مۆدێلەی لەم توێژینەوەیی ئێمەدا پەرەی پێدراوە لەگەڵ مۆدێلەکانی تری بواری ڕاڤەکردنی ئابوریی ڕەیعی ئەوەیە کە ئەمیان جەختی لەسەر ڕەفتار و پەیوەندیی فاکتەرو گۆڕاوە ئابوریەکانە و ئەوانی تر زیاتر جەختیان لەسەر فاکتەری سیاسی و هێز و دەسەڵاتە.

نەبوو. ڕێككەوتنەكە بوە هۆی زیاد بونی ڕۆڵی داهاتی هەناردەی نەوت لە بودجەی گشتی و تەرازوی پێدان و گەورەبونی پشكی سێكتەری نەوت لەكۆبەرهەمی ناوخۆیی، پاشان پلە بەپلە تەڵەكە بەهێزتر بو، بەتایبەتیش پاش خۆماڵیكردنی نەوت لەساڵی ١٩٧٢ و زیادبونی نرخی نەوت لەسالانی حەفتاكان، كە حكومەت سودی لێ وەرگرت بۆ پارەداركردنی بودجە و گەورەكردنی دامەزراوەكانی و زیادكردنی بەگەڕخستنی هێزی كار تێیاندا، ئەمەیش بەشێكی بەمەرامی سیاسی بو و بەشێكیشی بۆ وەخۆگرتنی خواستی كاری هەڵكشاو بو، لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە بەردەوامی سیاسەتە هەڵەكان وجەنگە دەرەكی و ناوخۆییەكان ، زۆریی داهاتی نەوت، قەرزكردنی دەرەكی بۆ پاڵپشتی خەرجیەكانی جەنگ و خەرجیەكانی تری بەكاربردن و، بەهێزی پێگەی دراوی عیراقی بونە هۆی دارمانی زیاتری تواناكانی دەزگای بەرهەمهێنانی نانەوتی بەتایبەتیش پیشەسازیەكانی گۆڕین و كشتوكاڵ. لەپاش ٢٠٠٣ یشەوە لەپاش كۆتایی هاتنی گەمارۆی ئابوری پشت بەستن بەنەوت زیاتر بو، لەساڵی ٢٠١٢ ڕێژەی بەشداریی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو گەیشتە نزیكەی ٩٢%ی داهاتەكانی بودجە و ٩٩,٥%ی هەناردەی عیراق بۆ دەرەوە، هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەكان و حكومەت بە بەردەوامی بۆ گەورەتركردنی دامودەزگاكانیان و بۆ مەرامی سیاسی و ڕازیكردن سودیان لێ وەردەگرت و وەڵامی خستنەڕوی هێزی كاری هەڵكشاویان پێ دەدایەوە، بەجۆرێك لەماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٢ نزیكەی ٧٦%ی زیادەی خستنەڕوی هێزی كار لە ناو دامەزراوەكانی حكومەتدا بەگەڕخران، بەمجۆرە تەڵەی ڕەیعی بەتەواوی بەهێز بوو بوە بازنەیەكی داخراو كە دەربازبون لێی ئاسان نەبیت، ئەزمونی دەوڵەتە نەوتیەكانیش سەلماندویەتی كە دەرچون لە بازنەی داخراوی ڕەیعی كارێكی سەختە( مرزا، ٢٠٢١، ٤٠٩-٤١١).

هەرێمی كوردستانیش وەك بەشێك لەعێراق نەك هەر لەسەرەتاوە كەوتە ناو ئەو تەڵەیەوە، بگرە بەهۆی سیاسەتی حكومەتەكانی عیراقەوە بەتایبەتی ڕاگواستن و ئەنفاڵ و قەدەغەكردن و وێرانكردن ناوچە كشتوكاڵیەكان و پاشخستنی توانای كەرتەكانی تر و گەمارۆ ئابوریەكانەوە لە دۆخێكی تەواو نالەباردا بوو، بەجۆرێك كاتێك حكومەتی هەرێم لەپاش ١٩٩١ جڵەوی گرتە دەست تاكو ڕوخانی كاتی ڕژێمی بەعس و كۆتایی هاتنی گەمارۆكان لەساڵی ٢٠٠٣ نەك هەر دەرفەتی چاكسازی و پەرەپێدانی ئابوری و فرەچەشنەكردنی سەرچاوەكانی داهات لەئارادا نەبو بەڵكو كەمی داهات و كورتهینانی بودجە و كورتهێنانی بازرگانی دەرەكی و بێكاری و هەڵاوسانی نرخ و هەژاری بۆخۆیان بوبونە ڕاستی بەرەنجام و ئەمری واقیع (گوڵپی، ٢٠٢٠، ٤٨) .

لەپاش ٢٠٠٣ ئەو كاتەی كە هەرێم سودمەند بو لە بودجەی عێراق، دەمێك بو ئابوریی هەرێمەكە لە ناو بازنەیەكی داخراوی ڕەیعیدا بو، كێشەی كەڵەكەبوەكانی دەیان ساڵی بۆ مابوەوە، سێكتەرە ئابوریەكان و كەرتی تایبەت و بازاڕ لەبەرامبەر زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و خستنەڕوی هێزی كار و خواستی ڕولەهەڵكشاو بۆ كاڵا و خزمەتگوزاری لاوازو دەستەوسان بون، تاكەكان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات و دەرفەتی كار پشتیان بەحكومەت و هێزە سیاسیەكان دەبەست، كۆمەڵگەیش بۆ تەواوی خزمەتگوزاریە گشتیەكان بەهەمان شێوە هەر پشتی بەحكومەت دەبەست، ئیدی لەو كاتەوە تا ئێستا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دۆخە زۆرینەی داهاتەكانی حكومەت بۆ موچە و

دامەزراندن و بەگەڕخستنی هێزی کار و دابینکردنی خزمەتگوزرای و خەرجیەکانی بەکاربردن ئاراستە دەکرێن، ئەوەیش هۆکارە بۆ زیادبونی خواستی گشتی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاری کە بەهۆی لاوازیی سێکتەرەکانی بەرهەم هێنانەوە دەبێت ئەو خواستە لەڕێگەی هاوردەکردنەوە پڕبکرێتەوە. ئەمە سوڕی ئابوری بەردەوامی ناو بازنەی داخراوی ڕەیعیە لە هەرێم.

کاتێك ئابوریەك بەوجۆرە لەناو بازنەیەکی داخراوی ڕەیعیدا بێت، حکومەت دو ڕێگەی لەبەردەمدایە؛ ڕێگەی یەکەم ئەوەیە شان بداتە بەر درێژەدان بە خولانەوە لەناو بازنەکە، واتە بەردەوامیدان بە پشت بەستن بەداهاتی نەوت و بەکارهێنانی بۆ دابینکردنی موچەو خەرجیەکانی بەگەڕخستن و بەکاربردن، ئەم ڕێگەیە تاسنورێك دەتوانرێت بەبێ گرفتی زەق و گەورە بەردەوامیی پێ بدرێت، ناسەقامگیری بەردەوام و قەیرانەکان و کەمبونەوەی داهاتی ڕەیعی کە هەمیشە ئەگەری کراوەیە دەبنە کۆسپی گەورە، لەسنورێکدا حکومەت توانای وەخۆگرتنی هێزی کاری نوێ و پاڵپشتی و خەرجیە جۆراوجۆرەکانی وەك جاران نابێت، ئینجا قەیرانەکە بەگەورەیی هەستی پێ دەکرێت وەك ئەوەی کە لەعیراق و هەرێم لە ٢٠١٤ و ٢٠٢٠ ڕوویدا (مرزا،٢٠٢١، ٤١١).

ڕێگەی دوەمیش ئەوەیە بەشی زۆری وزە و داهاتەکان بۆ بنیاتنانی ژێرخان و بوژاندنەوەی کەرتە ئابوریەکان تەرخان بکات. ئەم ڕێگەیە گرتنەبەری ڕێچکەی چاکسازی ئابوری و دەرچونە لەبازنەی داخراوی ڕەیعی، ئەگەر سیاسەتیکی ژیرانەی بۆ بگیرێتە بەرو لەچوارچێوە بەرنامەیەکی چاکسازیی ئابوریی تێروتەسەل و درێژ خایەندا وەگەڕ بخرێت دەتوانیت ئەنجامی ئەرێنی باش بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگیەکانی بونیادی ئابوری و، سەقامگیری و گەشەی بەردەوام بەدی بێنێت. ئەوەیش پێویستی بەگرتنەبەری کۆمەڵێك سیاسەتی دارایی و نەختی و بازرگانیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان و زیادکردنی داهاتەکان، پاڵپشتی بەهەمهێنەرانی ناوخۆ، ڕێخستنەوەو سنوردارکردنی بەکاربردن و زیادکردنی وەبەرهێنان و..هتدە.

بەپێی ئەم ڕێگەیە دەبێ بەگەڕخستنی هێزی کار لەکەرتی حکومی و موچە و خەرجیەکان و پاڵپشتیەکانی حکومەت بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان کەم بکرێنەوە، بەشی زۆری خەرجیەکان بۆ بواری ژێرخان و بوژاندنەوەی سێکتەرە ئابوریە نانەوتیەکان تەرخان بکرێن، بۆ ماوەی چەند ساڵێك پاڵپشتی زۆری وەبەرهێنەران و بەرهەمهێنەران بکرێت لەڕێگەی پارێزگاری گومرگی و پاڵپشتی سوتەمەنی و بەخشینی باج و کەرەستەی خاو و دەستی کاری هەرزان و پاڵپشتی دارایی و ئاسانکاریی قەرزی بانکی و..هتدەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و کێبەبەرکێی کاڵاو خزمەتگوزاریی هاوردە بکەن. واتە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەرفەتی کار لەکەرتی حکومی زۆر سنوردار دەبێت، لەکاتێکدا کەرتی تایبەتیش هێشتا توانای وەخۆگرتنی هێزی کاری لاوازە، ئاستی کرێ و ئیمتیازاتەکانی تر لەبازاڕو کەرتی تایبەت نزمە کە ئەوە پێویستە بۆ گەشەکردنی کەرتی تایبەت، بەهۆی سیاسەتی پارێزگاری گومرگی و سنوردارکردنی هاوردە لەلایەك و لاوازی توانای کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی خواست لەلایەکی ترەوە نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەرز دەبێت، حکومەت بۆ دابین کردنی داهات زۆربەی بارگرانیەکان دەخاتە سەر چینی ناوەڕاست و کەم دەرامەت، باربو و پاڵپشتی دارایی و خزمەتگوزاریە گشتیە بێبەرامبەرەکانیش کەمدەکرێنەوە، واتە

لەچەند ساڵی سەرەتای پرۆسەكەدا داهاتی نەختی و داهاتی ڕاستەقینەی تاكەكان و ئاستی گوزەرانیان دادەبەزێت و ڕێژەی بێكاری و هەژاری بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوانەیشدا ئەگەر سیاسەتێكی وەبەرهێنانی ژیرانە پەیڕەو نەكرێت، ئەوا پرۆسەكە چانسی سەركەوتنی نابێت. بۆ حكومەتێكی وەك هەرێم كە دەوڵەت نیەو بژاردە دارایی و نەختینەیی و بازرگانیەكانی سنوردارن، سیستەمی بانكی و قەرز لە هەرێم لاواز و بێ توانایە، ئاستی پاشەكەوت و توانای سەرمایەگوزاریی ناوخۆیی لاوازە، ئەگەر چانسی هاتنە پێشەوەی سەرمایەگوزاریی بیانی بەقەبارەی گەورە لە ئارادا نەبێت، ئەوا ئەگەری سەركەوتنی پرۆسەكە زۆر كەمە، بەڵكو ئەگەری قوڵبونەوەی قەیران و كاریگەریە نەرێنیەكانی زیاترە. بەشداری كارای وەبەرهێنانی بیانی دەتوانێت چانسێكی باش بدات بە ئەگەری سەركەوتنی پرۆسەكە.

### دووەم/ لاوازیی دامودەزگاكان

دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان لەسایەی **دۆخێكی** سیاسیی ئاڵۆزدا دیزاین كراون، پرۆسەكانی داڕشتن و جێبەجێكردنی یاساو ڕێساو ڕێنمایی و بڕیارەكانیش لەسایەی هەمان دۆخدا بەڕێوە دەچن، ئەو دۆخەیش زادەی پێكهاتە و پەیكەری هێزە سیاسیەكان و پەیوەندیەكانی نێوان كایەی سیاسی و كایەی ئابوریە، بونی هێزی چەكدار و گروپگەلی جیاجیای خاوەن هەژمونی گەورەی سەر بە پارتە سیاسیەكان لەناو حكومەت و لەدەرەوەی حكومەت لە شێوەی هێزی یاسایی و هێزی دیفاكتۆ كە سەرچاوە ئابوریەكان قۆرغ دەكەن و بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان جڵەوی چالاكیە ئابوریەكان دەكەن، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حكومەتەكەوە تاكو ئێستا ئاماژەن بۆ ئەوەی كە سیستەمی سیاسی لەهەرێم هەڵگری بەشێكی زۆری خەسڵەتەكانی سیستەمی كۆتكراوی فشۆڵە. هەبونی هێزی چەكدار لەدەرەوە حكومەت، هەبونی ئینتیماو گوێڕایەڵی بەشێكی زۆر لە هێزە چەكدارەكانی حكومەتیش بۆ پارت و گروپ و كەسە دەست ڕۆیشتوەكان، وای كردوە دابەشكردنی پێگە و بەرژەوەندی و دەسكەوتی ئابوری و قۆرغكاری لەنێوان هێزەكاندا ببێتە ڕێسایەكی سەرەكیی سیستەمەكە، پاساوی پشت بەردەوامیی ئەو دۆخەیش بریتیە لە دوركەوتنەوە لەتوندوتیژی و جەنگی ناوخۆیی، واتە لەم سیستەمەدا مەرج و گرەنتیی دوركەوتنەوە لەشەڕو توندوتیژی بەستراوە بەدۆخی دابەشكردنی هەژمون و دەسكەوتە ئابوریەكانەوە لەنێوان هێزەكاندا، هەروەك ئەوەی كە (دۆگلاس نۆرث) لە باسی خەسڵەتەكانی سیستەمی كۆتكراوی فشۆڵ و بنەڕەتیدا وێنای كردوە. پەیوەندی و هەمئاهەنگیی نێوان هێزە یاسایی و نایاساییەكان دامودەزگا سەربازی و مەدەنیەكانی حكومەتیشی كردوەتە كێڵگەی بەشكاری و جڵەوكردن، پڕكردنی دامودەزگاكان لە ئەندام و لایەنگر لەسەر بنەمای پەیوەندی و بەرژەوەندی نەك لەسەر بنەمای پێویستی دامودەزگاكان و توانست و ڕادەی بەرهەمداری و، ئاراستەكردنی بەرپرس و كارمەندە سەرەكیەكانی ئەو دامودەزگایانە لەدەرەوەی حكومەتەوە، لە هۆكارەكانی لاوازیی دامودەزگاكانن.

وەك لەبەشی یەكەمدا ڕونمان كردوە دامودەزگاكان لەو جۆرە سیستەمانەدا بەجۆرێكن كە توانایان زۆر سنورداره بۆ داڕشتن و جێبەجێكردنی پلانی چاكسازی و پەرەپێدانی ئابوری، بۆ سەروەركردنی

یاسا و پاراستنی مافی خاوەنداریەتی و دەستەبەرکردنی مافی بەشداری بۆ هەموان، کەمکردنەوە ئاستی نادڵنیای، بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەمداری، هاندانی دەستپێشکەری و هاتنە پێشەوەی وەبەرهێنەران و ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی، فراوانکردنی دەرفەتی بەشداریی چین و توێژە جیاوازەکان لەچالاکیە ئابوریە جۆراوجۆرەکاندا. هەربۆیە هەمو ئەو هەوڵانەی لەساڵانی ڕابوردودا دران بۆ چاکسازی وەك پێویست نەچونە بواری جێبەجێکرنەوەو دەرەنجامی خوازراویان نەبو. بەگشتی دۆخێکی لەو جۆرە لەهیچ کاتێکدا لەبار نیە بۆ دەربازبون لەبازنەی داخراوی ڕەیعی و سەرکەوتنی چاکسازی ئابوری.

بۆئەوەی حکومەتی هەرێم بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بێت، سەرەتا پێوییستە کار بکات بۆ کۆکردنەوەی هێزو دەسەڵات لە دامودەزگا فەرمیەکاندا، تەنها دامودەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی ڕاستەقینەو سەربەخۆبن بەسەر بواری ئابوریدا، چاکسازی لە دامودەزگاکاندا بکرێت بەجۆرێك کە لانی کەم خەسڵەتەکانی سیستەمی کۆتکراوی پێگەیشتویان تێدا بەرجەستە بکرێت، تاکو توانستی پێویستیان هەبێت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پلان و سیاسەتەکان و سەروەرکردنی یاسا، کارابن لە کەمکردنەوەی نادڵنیایی و تێچوی کارو مامەڵەکان، هاندەربن بۆ زیادکردنی ڕادەی بەرهەمداری و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و لەبار بۆ بەشداری هەموان لەچالاکیە ئابوریەکان و ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی.

## دەرەنجام/

١. بونی لاسەنگیی قوڵ و درێژخایەن لە پەیكەری بەرهەمهێنان و كۆبەرهەمی ناوخۆیی، كورتهێنانی بودجەو كورتهێنانی تەرازوی بازرگانی دەرەكی و قەرزاری و بێكاری بەقەبارەی گەورە بۆ ماوەی درێژ، ناسەقامگیری نرخەكان و ناسەقامگیری گەشەی ئابوری..هتد، لەوڵاتانی تازە گەشەسەندو، پاساوی بێ چەندوچۆنن بۆ ئەوەی چاكسازی ئابوری لەو وڵاتانەدا پێویستیەكی گرنگ وژیانی بیت.

٢. لەناو هۆكارە دیاریكەرەكانی ئاستی سەركەوتنی هەوڵەكانی چاكسازی ئابوریدا جۆری دامودەزگاكان بەپلەی یەكەم دێت و ڕۆڵی یەكلاكەرەوەی هەیە.

٣. تەنها ئەو جۆرە دامودەزگایانەی كە توانای سەروەركردنی یاسا و پاراستنی مافی خاوەنداریەتیان هەیە و هاندەرن بۆ بەرزكردنەوەی ڕادەی بەرهەمداری و كەمكردنەوەی ئاستی نادڵنیای و سازكردنی زەمینەی بەشداریی لە وەبەرهێنان و چالاكیە ئابوریەكان لەئاستێكی فراواندا، توانای سەرخستنی پرۆسەی چاكسازی ئابوری ڕیشەیی و گشتگیر و سەرتاسەریان هەیە، ئەو جۆرە دامەزراوانەیش تەنها لەسایەی سیستەمی كراوە و لە سیستەمی كۆتكراوی پێگەیشتودا بونیان هەیە.

٤. چەند دەیەیەكە هەمو پاساوەكانی پێویستبونی چاكسازی ئابوری لەهەرێمی كوردستان بونیان هەیە، كورتهێنانی دارایی گەورەو بەردەوام، كورتهێنانی تەرازوی بازرگانی دەرەكی بەقەبارەی زۆر گەورەو بەبەردەوامی، لاسەنگیی جۆراوجۆر لە پەیكەری كۆبەرهەمی ناوخۆیی و پشت بەستنی زۆر بەتاك سەرچاوەیی و لاوازیی سیكتەرەكانی بەرهەمهێنانی نانەوتی لەدروستكردنی داهات و وەخۆگرتنی هێزی كار، بێكاری و بێكاریی شاراوەو نزمیی ڕادەی بەرهەمداری و، بەرزی ڕێژەی بەگەڕخستنی هێزی كار لەكەرتی حكومی لەچاو كەرتی تایبەت و ناسەقامگیری ئابوری و قەرزاری و..هتد وەك دەرەنجامی گیرۆدەبون لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی لەو پاساوە سەرەكیانەن كە چاكسازی ئابوری بۆ هەرێم دەكەنە پێویستیەكی ژیانی.

٥. هۆكارەكانی مانەوەی هەرێمی كوردستان لەناو بازنەی داخراوی ڕەیعی و سەرنەكەوتنی هەوڵەكانی چاكسازی لەڕابوردودا و بەربەستەكانی ئەو كارە بۆ داهاتویش بریتین لە بەهێزیی ئەو بازنەیە و لاوازیی دامودەزگاكان.

٦. دامودەزگاكانی هەرێم كە لەئەنجامی پەیوەندیی هێزە سیاسیە یاساییەكان و هێزەكانی دیفاكتۆ لەسەر بنەمای دابەشكردنی دەستەكەوت و هەژمون دیزاین كراون و كاردەكەن، توانای شكاندنی ئەو بازنە داخراوەیان لاوازە، هاندەرنین بۆ ڕاكێشانی سەرمایەی تایبەت بەگشتی و سەرمایەی بیانی بەتایبەتی بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی كە هەوڵی دەرچون لەبازنەی ڕەیعی دروستی دەكات.

٧. توانای جێبەجێكردنی پرۆسەی چاكسازی ئابوری و سەرخستنی لەهەرێمی كوردستان بەستراوە بە هەبونی دامودەزگای كارا بۆ جێبەجێكردنی پلان و سیاسەتە ئابوریەكانی حكومەت لەهەمو بوارەكان و لەسەرانسەری هەریم، بۆ سەروەكردنی یاساو پاراستنی مافی خاوەنداریەتی و

کەمکردنەوەی نادڵنیایی و هاندانی بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەمداری و ڕەخساندنی هەلومەرجی بەشداریی لەچالاکیە ئابوریەکان بۆ زۆرترین کەس، کەمکردنەوەی بەربەست و ڕێگریەکانی گەیشتن بەکارو بازاڕو کەمکردنەوەی تێچوی کات و دارایی مامەڵەکان، زەمینە سازکردن بۆڕاکێشانی سەرمایەگوزاریی بیانی بە قەبارەیەکی گەورەو سود لێوەرگرتنی لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەکەو پەرەپێدانی ئابوریدا.

## سەرچاوەکان/

**یاساو دۆکیۆمێنتە فەرمیەکان:**

١- یاساکانی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی جیاوازدا، ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان:
https://www.parliament.krd/business/legislation/

٢- حکومەت اقلیم کوردستان،٢٠١١، وزارەت التخطیط، خطة التنیمة الاستراتیجیة لاقلیم کوردستان ٢٠١٢-٢٠١٦.

٣- حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دیدگای٢٠٢٠:
http://archive.gov.krd/mop/www.mop.gov.krd/indexf78d.html?sid=1&id=381&pid=98

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٣، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بوودجە پرۆژەیەك بۆ خزمەتگوزاری و خۆشگوزرانیی هاووڵاتیان، شیکاری بەراوردکارییانە.

٥- حکومة اقلیم کوردستان،٢٠١٤، وزارەت التخطیط، خطة التنیمة لاقلیم کوردستان للسنوات ٢٠١٥-٢٠١٩.

٦- حکومة اقلیم کوردستان، ٢٠١٥، وزارة المالیة و الاقتصاد، مؤسسة invents للاستشارات، ادارة المالیة و الاقتصاد في حکومة اقلیم کوردستان، مراجعة التحدیات واولویات الاصلاح.

٧- بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١٦ ، هەریمی کوردستان، چاکسازی ئابوری لە پێناو بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران.

٨- حکومەتی هەریمی کوردستان، ٢٠١٧، ، وەزارەتی پلان دانان، پێشکەوتنەکانی جێبەجێکردنی چاکسازی ئابوری.

٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠ ، وەزارەتی پلان دانان بەهاوکاری (UNDP)، کارنامەی چاکسازی ئابوری ئێستاو داهاتو.

١٠-حکومەتی هەریمی کوردستان، ٢٠٢١، چاکسازی و خزمەتگوزاری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١١-دەستەی ئاماری هەرێم، ڕوپێو و ڕاپۆرتەکانی هێزی کار:
http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=labourforce

١٢-دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠١٦، دۆخی هێزی کار لەهەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی ڕوپێوی کار و بێکاری، حوزەیرانی ٢٠١٦.

١٣-الورقە البیضاء،٢٠٢٠، التقریر النهائي لخلیة الطواريء للاصلاح المالي، بغداد، تشرین الاول.
http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=labourforce

**سەرچاوەكان بەزمانی كوردی:**
١٤-گوڵپی ٢٠٢٠، جیهانگیر سدیق، گرفتەكانی داهاتی گشتی لەهەرێمی كوردستان و رێگەكانی چارەسەركردنیان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢.

**سەچاوەكان بەزمانی عەرەبی:**
**الكتب:**
١٥-حسن، ٢٠١٦، د. صالح ياسر، الخصخصة و الاصلاحات الاقتصادية بين خيبات العقيدة و رهانات الواقع، دار الرواد المزدهرة، ط١، بغداد.
١٦-الحصري، ٢٠٠٧، الاثار الاجتماعية لبرامج الاصلاح الاقتصادي، ط١، المكتبة العصرية للنشر، مصر، المنصورة.
١٧-محي الدين، بدون تأريخ النشر، التنمية و التخطيط الاقتصادي، دار النهضة العربية، بيروت.
١٨-نورث، ٢٠٠٦. دوغلاس سي، المؤسسات، المركز العلمي العربي للدراسات الانسانية.
١٩-نورث، ٢٠١٦. دوغلاس سي واخرون، في ظل العنف، السياسة و الاقتصاد و مشكلات التنمية، ت: كمال المصري، سلسلة علم المعرفة ، كويت.
٢٠-زكي، ٢٠٠٠، د.رمزي، انفجار العجز، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق.
٢١-فرج، ١٩٨٩، سامال مجيد، نماذج الصندوق النقد الدولي لتوجيه السياسات الاقتصادية في البلدان المقترضة، دراسة اقتصادية، هيئة التخطيط العراقي، بغداد.
٢٢-مرزا، ٢٠٢١، د. علي خضر، اوراق اقتصادية ونفطية، العراق و العالم، المجلد الثاني، شبكة الاقتصاديين العراقيين، كتاب الكتروني، على الرابط أدناه:
http://iraqieconomists.net/ar/2021/02/28/%d8%af-%d8%b9%d9%84%d9%8a-%d8%ae%d8%b6%d9%8a%d8%b1-%d9%85%d8%b1%d8%b2%d8%a7-%d9%83%d8%aa%d8%a7%d8%a8-%d8%a7%d9%88%d8%b1%d8%a7%d9%82-%d8%a7%d9%82%d8%aa%d8%b5%d8%a7%d8%af%d9%8a%d8%a9-%d9%88%d9%86-2/

**الرسائل الجامعية**
٢٣- احمد، ٢٠١٥، جهانگير صديق، الاختلالات الهيكلية للموازنة العامة واليات المعالجة/ اقليم كوردستان العراق(حالة دراسية للمدة ٢٠٠٠-٢٠١٣) رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، اربيل.
٢٤-اسمهان، ٢٠١٢، راضية، دور الاصلاح الاقتصادي في الدول النامية في تحقيق التنمية البشرية المستدامة، رسالة ماجستير، جامعة سطيف، جزائر.
٢٥-بن حافظ، ٢٠١١، حمزة، دور الاصلاحات الاقتصادية في تفعيل الاستثمار الاجنبي المباشر، رسالة ماجستير، جامعة منتوري، قسنطينة، جزائر.

٢٦-الحيدري، ٢٠١٤، هيوا عثمان اسماعيل، تحليل اثر تقلبات سعر الصرف الاجنبي في الموازنة العامة لاقليم كوردستان العراق لمدة ١٩٩٧-٢٠١٣، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعة صلاح الدين-اربيل.
٢٧-شاني، ٢٠١١، سلام كاظم، تحليل العلاقة بين الموازنة و الناتج المحلي الاجمالي في العراق للمدة ١٩٩٨-٢٠٠٩، رسالة ماجستيرغير منشورة، جامعة كربلاء.
٢٨-علي، ٢٠١٥، علي احمد، تقييم العلاقة بين مخرجات التعليم العالي و سوق العمل في اقليم كوردستان العراق: مدينة اربيل أنوذجا للمدة(٢٠٠٩-٢٠١٣)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، اربيل.
٢٩-عيسى، ٢٠١٣، محمود حسين، الاختلالات الهيكلية في سوق العمل الفلسطيني و سبل معالجتها، رسالة ماجستير، جامعة ازهر، غزة.
٣٠-البحوث و الدراسات:
٣١-بن حسين، ٢٠٠٩، ناجي، دور العوامل المؤسساتية في تحقيق التنمية الاقتصادية وتحسين مناخ الاستثمار، المجلة العلمية التجارة و التمويل، كلية التجارة، جامعة طنطا، الجزائر، المجلد ٢٩، العدد ٢.
٣٢-الجابري، ٢٠١٤، د.قصي، غيدان جعفر الزبيدي، اثر الاصلاحات الهيكلية في عجز الحساب الجاري في الاردن للمدة ١٩٩٠-٢٠١٠، مجلة الادارة والاقتصاد، السنة ٣٦، العدد ٧٩.
٣٣-حسين، ٢٠١٨، د.كريم سالم، الاصلاح الاقتصادي في العراق ما بعد عام ٢٠٠٣ رؤية مستقبلية، مركز بيان للدراسات و التخطيط.
٣٤-حواس،٢٠١٧، د. امين، المؤسسات كمحدد رئيسي لاداء الاقتصادي للبلدان، المجلة الجزائرية للاقتصاد و المالية، العدد ٨.
٣٥-الشمري، ٢٠١٤، د.سعود غالي و اخرون، الاصلاح الاقتصادي في الدول المتقدمة مختارة و امكانية الاستفادة منها في الاقتصاد العراقي، المجلة العراقية للعلوم الاقتصادية، العدد ٤٣، السنة ١٢.
٣٦-صالح، ٢٠١٥، د.عدنان مناتي، الاصلاح الاقتصادي أداة للتنمية و مواجهة التديات الراهنة في العراق، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية، عدد الخاص بالمؤتمر السادس.
٣٧-صالح، ٢٠١٨، د. لورنس يحيى، الاختلالات الهيكلية و اثرها على نمو القطاعى و التشغيل في الاقتصاد العراقي للمدة ٢٠٠٣-٢٠١٥، مجلة العلوم الاقتصادية والادارية، جامعة بغداد، العدد ١٠٩، المجلد ٢٤.
٣٨-عمران، ٢٠١٩، د.ستار جابر، منهجية الاصلاح الاقتصادي في العراق، دراسة تحليلية، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة بغداد، السنة ٤٢، العدد ١٢٠.
٣٩-القريشي، ٢٠١١، د.مدحت، برامج الخصخصة بين مقومات النجاح و عوامل الفشل، مجلة مركز المستنصرية للدراسا العربية و الدولية، العدد ٣٣.
٤٠-كاظم، ٢٠١٧، ثائر عبدالعالي، واقع الاقتصاد العراقي ومتطلبات اصلاحه، مجلة المثنى للعلوم الادارية و الاقتصادية، المجلد ٧، العدد ١.

**سەچاوەكان بەزمانی ئینگلیزی**

**Books:**

41- Acemoglu,2012,Daron & Jams Robinson, Why Nations fail, Crown Publisher, New York.

42- Mahdavy,1970, H, the Patterns and Problems of Economic Development in Rentier States', in M. Cook (ed.), Studies in the Economic History of the Middle East, London: Oxford University Press.

43- Noori,2018,Nya,Najmalddin, The Frailer of Economic Reform in the Kurdistan Region of Iraq, 1921-2015.Sardam,Sulaimania, 2018.

44- Acemoglu,2004,Daron, Simon Johnson, James Robinson, Institutions as the Fundamental cause of long-run Growth, National bureau of Economic Research ,1050 Massachusetts Avenue, Cambridge, MA 02138.

45- Sachs, J. and Andrew W. (1995), 'Natural Resource Abundance and Economic Growth', National Bureau of Economic Research, Working Paper 5398.

46- Researches and studies:.

47- Acemoglu,2005,Daron, Simon Johnson, James Robinson, The rise of Europe: Atlantic trade, Institutional change, and economic growth, The American Economic Review, June.

48- Dookeran, 2019, Winston, Lewis model of economic growth, linearity and convergence: does it fit today? Forum on the Life and Work of Sir Arthur Lewis, SALISES, 24 January 2019.

49- Mukherjee, 2018,Shourya, Does the Clark-Fisher hypothesis hold for the Indian Economy? International journal of business quantitative economies and applied management research, vol 5. Issue 4.

50- Morselli,2021, Alessandro, Growth and Institutional changes: a historical evolution, Brazilian journal of political economy, vol4.